YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٥١ی ئاب ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.51.August2023

## کورد و هەڵبژاردنی پارێزگاکان و نێو ماڵی کوردی

**یادنامە**

لە ئێستادا دۆخی هەرێمی کوردستان لە نێوان سێکوچکەی عێراق و تورکیا و ئێراندا کەوتونەتە حاڵەتێکی ونبون و سەرلێشێواویەوە ، لە گرێبەستی پەنجا ساڵەوە لەگەڵ تورکیا بۆ ئابوری سەربەخۆ و لە زۆنی زەردی تورکی و زۆنی سەوزی ئێرانی و تەنکەرەکان و هێڵی ناردنی نەوت بۆ بەندەر عەباس و دواتر عێراق و دۆسیەی کۆمۆ و سۆمۆ و دواتر پشکی هەرێمی کوردستان و یاساکانی نەوت و غاز و سامانە سروشتیەکان ، لەولاشەوە دۆسیەی دەستور و فیدراڵی و ناوچە دابڕێنراوەکان هەر لە خانەقینەوە بۆ مەخمور و کەرکوک و تا دەگاتە موسڵ ، هەمو ئەمانە لە وردەکاریدا دنیایەک کێشەی تری وەک جوگرافی و دیمۆگرافی ئیکۆنۆمی ، لەناو ئەم هەمو کێشانەدا کێشەی کەرکوک و موسڵ ، خۆ ئەگەر نەبێت بە عەیبە بۆمان ئەوا ئاورێک لە ماڵی کوردی و ناوخۆ بدەینەوە ئەوا پێویست بە باس کردن ناکات چونکە لەسەر ئاستی لۆکاڵی لە ڕوی ئابوری و کارگێڕی و جوگرافی و ئابوریەوە ناوخۆ توشی دارزان و داوەشینێکی گەورە بوە ، خۆ ئەگەر سەرکردایەتی کوردی ئەمانە بزانێت ئەوا هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەگەر چی پێشتریش نەیتوانوە پۆستی وەرگیراو چی لە بەغداد و چی لە کەرکوک کاری ستراتیژی گەورە بکات ، بەڵام هیچ نەبێت توانیویەتی تا ئاستێک بەر بە داگیرکاری گشتی بگرێت لە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم ، بەڵام بۆ ئێستا زۆر پێویستە کە وەک سەرەتایەک بۆ لاشەیەکی سیاسی هەرێم کار لەسەر ئامادەگییەکی تەندروستانە بکرێت ، تا بتوانرێت وەک خاڵی سەرەتایی بۆ هەستانەوە و چارەسەری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی هەریم ببینرێت و کورد بتوانێت بە یەک گوتارەوە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بەشدار بێت ، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە پێش هەڵبژاردن دەزانین کە کورد بە هەمان جەستەی نەخۆشی بیمارەوە دەچێتە ناو ئەم ململانێیانەوە بۆ هەڵبژاردن وە دەشزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت ، کە دەتوانین ناوی بنێین تێنەپەڕاندی بیر و دەستەڵاتی خێڵ نەک بیری نەتەوە و ستراتیژی نیشتمانی




## پەشێو لەسەر زاری هەولێرەوە دەڵێت:

دەتگوت،
مەگری،
مەگری بەرخم،
ئارام بگرە کورپژگەکەم،
شەوی بەعس بەسەر دەچێ.
بەعس چیــە؟!
عەگالێکە و دزداشەیەک!
هاکا دیتت پێکایان و مرداریان کرد،
دایانپەڕاند وەک واشەیەک!
نازانم بۆ جگەر گۆشەم،
لەوساتەدا لەبیرم چوو لێت بپرسم:
ئەدی چبکەم،
ئەگەر بەعس لە پڕێکا
دزداشەکەی خۆی داکەند و
عەگالەکەی تووڕ فڕێدا؟
ئەدی چبکەم ،
ئەگەر بەعس
ڕانکوچۆغەی کردە بەر و
وەک داڵ چاوی هەڵکۆڵیم و
وەک تەنافباز تەقلەی لێدا؟!



فەرهاد سەنگاوی: تورک و تورکاویەکان ... ل٢
جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەردەوامە بە فۆرم و سیناریۆی جیاوز ... ل٣
کچە کورد ... ل٤
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٥
لە من ڕەنجەڕۆتر ... ل٦
ڕۆڵی پەروەردە، لەکەمکردنەوەی توندوتیژی ... ل٨
پیرۆزترین پیشە پەروەردەی مندالانە ... ل٩
ئاسکی بچکۆلە ... ل١١
فرین ... ل١٢
لاس ژینگە پارێزە ... ل١٣
ناخی مندال وەک زەوی وایە ...ل١٤
نالی ... ل١٥
دەقی نامەیەکی نەوشیروان مستەفا بۆ شێرکۆ بێکەس ...ل١٦
ڕێبوار سەعید نوری ... ل١٩

# فەرهاد سەنگاوی: تورک و تورکاویەکان - بەشی یەکەم

یەکەم وشە کە پێویستە باسی بکەم، خەیاڵم دەبات بۆ وشەی تورک. ڕەنگە هیچ وانەبێت، جێگۆڕکێی پیت و وشە لەناو یەک زمان و چەند زماندا هەیەو زۆرەو ئاساییە هەڵگێڕو داگێڕو جێگۆڕکێ و پێچەوانە بونەوەی پیت و وشەو واتا هەر زۆر هەیەو زۆر سەیرە.

زیخ بو بە خیز، بەرف و بەفر، تەزرەو تەرزە و...تاد. اتفاق و سودفە هەردوک عەرەبین، بەڵام لە فارسیدا پێچەوانەن، سک و زگ لە ئینلیزی و دامارکی پێرسن و پێرسۆن لە سویدیدا بوە بە پێرشۆن. ئۆپۆزسیون، ئۆپۆزیشن.

زمان دەریایەکە. مەبەستی من وشەی کور[د] و [ت]ورکە، ئایە لە دۆخ و باری حاڵەتی وشەی عرب و عبر[ی] دەچێت؟. پێم وایە وشەی عرب و عبری یەک وشەی هەڵگەڕاوە بێت لە ناو یەک زمان و نەتەوەو ڕۆژگارەکان جیای کردبنەوە. هەروەک وشەی تورک وەک وشە نەک ڕەگەزو نەتەوەو زمانی نزیک، یا یەک؟ نەژادو ڕیشە.


ئەم وشەی تورکە، دورک بوبێت و گۆڕینی د دال بوبێت بە ت تا وەک لە لوڕی کە بناخەی سۆرانیە ت تا کان دەبن بە دال. خۆت دەبێ بە خوەد. لەکەرکوک سەد دەبێ بە سەت. د و ت. دێینە سەر ڕەسەنی بابەت.

یەکەم/ بزانین بۆ وشە کوردیەکان لە ناو زمانە مجێورەکەی تورکدا زۆرن؟. ئایە تورک بردونی و زمانەکەشمانی وەکو؟ خاک و خەڵک و هونەرو مێژوو فەرهەنگ تاڵان کردوە؟ نەخێر لەمەیاندا تورک بێتاوانە، بۆ؟ تورکەکان کە 600 ساڵێک لەمەوبەر تەنها شمشێرو ئەسپی بچوکیان پێبو هەبو چۆن لە مەنگۆلیاوە هاتن و بون بە خاوەنی خاک بە خەڵکەوە؟. پێش تورک زۆرینەی تورکیا بە خاکو خەڵکەوە، بەم چۆرە بو زۆرینە ؟ کورد ئینجا یونان،ئەرمەن، لاز،گەلانی تر بەڕێژەی کەم.کۆنستان ئیمپراتوری یونانی بڕیاریدا شاهەنشاییەکی بێوێنە دروست بکات، هەرچی پێجوانە لە فەرهەنگو دابی نەتەوەکانی تر وەریگرێت و بیکات بە پێکهاتەی شاهەنشاییەکەی خۆی. لەوانە ئەدەب و زمانی ئاریانی وەرگرت کە بڕبڕەی ئەم زمانەش ئاریانی کە بو بە ئێرانی دیارە کوردە. لێرەوە تورکەکان کە نەیاندەزانی کامە کوردیەو کامە یونانی بوون بە میراتگر. بۆ نمونە وشەی [قز]کە کژ و کیژ ە کەی کوردیە ئاوا براوە بە تورکی مەنگۆلی دەوترێت [های]شتێکی ئاو هایە. جگە لە زمانەکە هەموشتەکانی تر بە پلان براوە، وەکو ئاوازەکان.گۆرانی.

پوختەی مەبەست لێرە مرۆڤەکانن چۆن و بۆ بون بە تورک، کەبون بە تورک بۆ ئەوەندە دڕندەن بەرانبەر بە گەلەکەی خۆیان یا گەلانی تر؟. لە کەنعان ئیڤرینەوە دەڵێن کوردە تا بڵند و ئۆزال و کلچدارو زۆری تر. ڕەنگە لە ناخدا دژو دوژمن نەبن بە کورد ویستبێتیشیان شت بکەن بۆ کورد وەکو زۆر سەرۆک و سەردار لەسوریا و ئێران و عراق بونو هەن. بنەماڵەکانی ئەسەد و عەبدولکەریم قاسم، لەزۆر وڵاتی وەکو میسر و لوبنان و ئوردن و پاکستان ئەمانە زۆر هەن کە ناکرێ بە ئاسانی بڵێین خائن، یا خەوتو. ئایە ئەتاتورک، یا ئەردۆغان تورکن؟ لە شێوەو سیمادا تورک نین. زۆرینەی دڕندەکان تورک نین. پرۆفسۆر جەلال[شەنگوڵ]گوڵشەن. خۆی دەڵێ تورک لە تورکیا 7%ین. ئەوانی تر گەلانی ئیندۆ ئەوروپین. تورکیا لە تێستی dna زۆر نیگەرانە. ئەمە ڕاستگۆیی ئەم پرۆفسۆرەیە.

ژاڵە نەفتچی لە خزمانن و خێڵی بەندەی موخلیستانە. باپیری لە سەر دەرگای ماڵەکەی خۆی لە کەرکوک کە لە ئورۆستوکراتەکانی کوردی کەرکوک بو نوسیبوی ماڵی حوسێن ئاغای زەنگنە و هەموجار ئەیوت ئەترسم من بمرم زوڕێتەکەم بڵێن تورکم. ژاڵە زۆر جار ناوی خۆی دەنوسێ زاڵە، چونکە [ژ] پیتێکی کوردی دەردەکەوێت. زۆریشی ڕک لە کوردە.لەسەر دێی ژاڵەی؟ خوێڵێن ناونراوەو گۆڕی ئەژدادەکانی ژاڵەو عەزەدین قۆجەواش لە ژاڵەیە. دڵنیام لە بۆچونەکانم، بەڵام دوانمونە نەچوە بچێت. زیندوە، باڵابەرزو لووت درێژو ناسراوە لە دایک و باوکو خێڵ و خاکی کوردستانیشدایە و لە ڕاگوێزراوە 750.000 کەسیەکەی کوردی ئەنادۆڵیشدا نیە، ئێستا لە ژیاندایە و ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکو سیاسی کوردیشەو هاوار دەکات دەڵێ ئەی هاوار کوردم و کوردیان نەهێشت،کوردپەروەرەو مەردو ڕەندە ناویشی کراوە بە (ئەحمە تورک). بەشی دووەم هەوڵ دەدەم بۆ تورکاویەکان لە تورک توند ترن.

وتاری کورد





## عەبدولکەریم شێخانی

ناو: عەبدولکەریم
نازناو: شێخانی
ساڵی لەدایکبوون: 1933
ڕێکەوتی کۆچی دوایی: 2023-08-12

ساڵی 1933 لە شاری کۆیە لەدایک بووە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە.

ساڵی 1952 - 1953 بۆ تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی چووەتە هەولێر.

ساڵی 1953 - 1954 بۆ تەواوکردنی خولی پەروەردەیی چووەتە بەغدا یەکەم دامەزراندنی وەک مامۆستا لە گوندێکی گەرمیان بووە.

ساڵی 1962 لە هەولێر گیراوە و نزیکەی دوو ساڵ لە بەندیخانە بووە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوە بووە و بە (گۆڤاری گەلاوێژ) دەستی پێ کردووە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوەش دەکات هەندێکجار فارسیش.

دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بەشدارییەکی کارای لە وەرگێڕانی پەڕتووکەکانی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییەکاندا کردووە.

نووسینی هەمە جۆری لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە وەک چیرۆک و بابەتی (زمان - سیاسی - کۆمەڵایەتی - ڕۆشنبیری).

ڕۆمانەکەی نیکۆس کازانتزاکی (الاخوة العداء)ی کردووە بە کوردی و بەناوی (براکوژی) بڵاوی کردۆتەوە.[1]

عەبدولکەریم شێخانی، ڕۆژی 2023-08-12 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

کوردپیدیا



# عەبدولا کەریم مەحمود: جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەردەوامە بە فۆرم و سیناریۆی جیاوز!

سەعەت 10بەیانی 3. 8. 2023 لە نۆیەمین ساڵ یادی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان، کۆنفراسی (خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لە شەنگال) لە ژێر دروشمی (خۆبەڕێوەبردن زامنی پێکهاتەکانی عێراق )، لە هۆڵی ئەقواس، لە شەقامی سەعدون لە بەغداد سازکرا. لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا، تراژیدیای کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لە شەنگال ناخ و مێشکی داگیرکردم.

شەوی 2/ 3. 8. 2014 داعش پەلاماری گوندی (کۆجۆ) یاندا، خەڵکی ئەو گوندە بە چەکی سادە، تا دوا فیشەک بەرگریان کرد، زۆرینەیان کوژران و بەدیل گیران.

داعش لەوێوە روویان کردە شەنگال، هێزەکانی سوپای عێراق لە کورد و عەرەب و عێراقی و رێکخراوی نێو دەوڵەتی لە شەنگال بوون، فەرماندەی سەربازی کوردو پێشمەرگەکانی کورد، لە بری بەرگری لە شەنگال، بەچەکە قورس و ئۆتۆمۆبیلەکانیانەوە بروسکە ئاسا. بە رێنمایی سەرکردەکان هەڵاتن. بواریان بۆ داعش رەخساند، هەزارو هەشت سەد، پیاو ژن و کچی و منداڵی ئێزیدی شەنگال کۆمەڵ کوژبکەن.

شەپۆلێک لە پیاو و ژن و منداڵ و گەنج، لە کۆچ و رەوێکدا، رێگای چیای شەنگالیان گرتەبەر، بە برسێتی و تینویەتی، رووەو چارەنوسێکی ون بوونەوە.

( گەریلای هەپەگە) و (شەرڤانانی رۆژئاوای کوردستان )، چوون بەهانای ئەو ژن و پیاو و منداڵ و ژن و کچە ئێزیدیانەی، خۆیان گەیاندبووە دەرەوەی شەنگال، رووبەرووی داعش وەستانەوە و لە کۆمەڵکوژی ئازادیان کردن.

داعش دەیان ژن و کچی یەزیدی دەسگیر کرد، وەک کەنیزە دەست درێژیان لێ دەکردن، لە 2014تا ئێستا، ئەوە 9 ساڵە لە بازارەکانی( رەقەو سوریا و شوینی جیا جیا )دا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێ.

چەندان ژن و کچ فرسەتیان هێناو رایان کرد، هەندێکی تریان ئازاد کران و گەڕانەوە، زۆربەی ئەو کچ و ژنانە بە هۆی ئەو فشارە توندی و تیژییە و ئەو دەستدرێژیانەی داعش، توشی نەخۆشی دەروونی و گرێی ئالۆزی دڵە راوکێ و ترس و گومان و تۆقاندن و خەمۆکی بوون.

زۆر لەو ژن و کچانەیان دووگیان کرد، بوو بە هۆی لەدایک بوونی دەیان منداڵی بێ دایک و باوک، دوور لە سەرپەرشتی و پەروەردە و سۆزو خۆشەویستی، زۆربەیان لەلای داعشەکان پەرەوەردە دەکرێن، دەبن بە نەوەی نوێی داعش. جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە رووی ئاینیی و نەژادییەوە، پلان و بەرنامەو نەخشە و سینارۆی داعش بوو.

بەرگری نەکردنی هێزی پێشمەرگەی حیزبی کوردی و حکومەتی هەرێم، ئەو جۆرە هەڵاتنەیان لە شینگال، بواریان بۆ داعش رەخساند کۆمەڵ کوژی ئێزیدییەکان بکەن، بەرگری نەکردنی حەرەس حدودی حکومەتی عێراق و تورکیاو سوریا و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەوەیان خستە روو، کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان سیناریۆی دارێژراوی هەر هەموویان بێت.



دەبوایە ئەو فەرماندە کوردەی هێزی پێشمەرگە و ئەو فەرماندەی سوپای عێراق، لە بری بڕیاری بەرگری، بڕیاری هەڵاتنیان داوە، بەپێی یاسا، بدرانایە بە دادگا لە حکومەتی عێراق، بەڵام لە بەر ئەوەی بڕیاری بەرگری نەکردن و کشانەوەیان لە سەرکردە کانی کوردو عێراق و ئۆردگانەوە پێ سپێرابوو، سیناریۆی جینۆسایدی یەزیدییەکانیان جێ بەجێ کردووە، هیچ سزایەک نەدران.

بۆ حکومەتی عێراق، هەموو پێداویستییە مەعنەوی و مادییەکان، بۆ ئەو عەرەبانەی شینگال، لە کەمپی موسڵ و سەلاحەدین دابین کردوو ، بە هەماهەنگی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی هەموویانی گەڕاندوەتەوە شوێنی خۆیان.

بەڵام ئەوە( 9 )ساڵە کوردە یەزیدییەکان لە کامپی (خاکێ و شریا و هەرشەم و ئاشتی و چەند شوێنێکی تر)، دوور لە هەموو خزمەتگوزارییەک، لە ژیانێکی مەمرەوە مەژیدان، تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ شەنگال.

ئەم جیاوازییە ئاینی و نەژادییەیانە، لە نێوان ئێزیدییە کوردەکان و عەرەبەکانی شەنگال، غەدرەو خیانەتی نیشتمانی یە، تەواکەریی سینارۆی کۆمەڵکوژییەکەیانە.

رێکخراوە نیودەوڵەتیەکان و وڵاتانی ئەورپا، لە بری گەڕانەوەی یەزیدییەکان بۆ شەنگال، بواریان بۆئیزیدییەکان دەڕەخسێن روو بکەنە ئەورپا، بۆ ئەوەی نەخشەی سیناریۆی جینۆسایدەکە، بە تەواوی لە شنگال جێ بەجێ بکەن.

ئێزیدییەکان و شەنگال. خاوەنی دەیان و سەدان و چیرۆکی تراژیدیای دڵتەزێن: خاتوو شەمێ ، چۆن دەتوانێت ، جەیلان و جیهان)ی کچی لەیاد بکات، داعش بە زۆر جەیلانیان کرد بە ژن، ئەو بەرگەی ئەوغەدرە گەورەیەی نەگرت، دەماری دەستی بڕی و گیانی سپارد، پێش ئەوەی داعش دەست درێژی بکەنە سەر جیهان، ئەویش خۆی کوشت. ئارام شەرڤانێکی ئەفسانەیی رۆژئاوای کوردستان بوو، لە شەڕی داعشدا دەستێکی پەڕی.

لەم رۆژانەدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئۆردگان شەهیدیان کرد. داعش و ئۆردگان، بە هەماهەنگی سەرکردەکانی کورد لە زنجیرە سیناریۆکان یاندا، کۆمەڵ کوژی ئێزیدییەکانیان کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، لە سیناریۆی شەنگالدا، بەرگریان لە شەنگال نەکرد، دەرگای شەنگالیان بۆ داعش کردەوە، کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان بکات.

جینۆساید ئێزیدییەکان، بێ پشت و پەنایە، بە پەرواێز خستنیان ئەوە دەخەنە روو، جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەردەوامە، بەو فۆرم و سیناریۆی جیاواز.

**وتاری کورد**




# خاتوو زەینەب خوشکی دڵداری شاعیر ناسراو بە (کچە کورد )

ئەگەر کنەو پشکنین بکەیت بە ڕۆژگارەکانی مێژووی خاتونەکانی کچی کورد سەدان ناو خاتوون و شاژنی نەتەوەی کورد دێتە بەرچاوت کەهەریەکێکیان شایستەی ئەوەن دەیان بەرنامەی دۆکۆمێنتاری و فیلیم لەسەریان دروست بکرێت کەئەم مرۆڤانە بەبەراود بەنەتەوەکانی چواردەوری جوگرافیای کوردا هاوشانی نی یە ، سەدان نمونەی وەك حەپسەخانی نەقیب و فاتمە محێدین ئەفەندی و عادیلە خان و پاکیزە ڕەفیق حلمی و زەینەب خان و سەدانی تر هەیە ......

دارشتن و کۆکردنەوەی زانیاری : ئامانجی مامۆستا عومەر

زەینەب خان

شاعیر، نووسەر، ڕووناکبیر و چالاکوانی کورد زەینەب خان ناسراو بە «کچەکورد» خوشکی دڵداری شاعیر ،کچی مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم سوجادەی کۆیی ساڵی ١٩٠٠ لە گەڕەکی بەفری قەندی کۆیە لەدایک بووە؛ بنەماڵەی خادم سوجادە بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر و ئایینی بوون.

زەینەب خان یەکەم خاتوونی کورد بووە کە نراوەتە بەر خوێندن، تەمەنی شەش ساڵان بووە کە باوکی بردوویەتی بۆ بەغدا تا لە یەکەم قوتابخانەی تایبەت بە ژنان بە ناوی ڕۆشدییە، دەست بە خوێند بکات؛ شەش ساڵان لەوێ ماوەتەوە و قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە و فێری عەرەبیش بووە؛ دواتریش باوکی بردوویێتیە کۆیە و لەوێش دەستی بە خوێندنی ئایین کردووە و چەندین پەرتووکی ئایینی و گوڵستان و بووستان و وێژەی فارسی خوێندووە و پەرەی بە عەرەبییەکەیشی داوە.

زەینەب خان لە هاوسێ جووەکانیان لە کۆیە فێری عیبریش بووە، دواتر کە هاوسەرگیری کردووە لە ماڵی هاوسەرەکەی تورکیش فێر بووە؛ کەواتە جگە لە کوردی و فارسی و عیبری، عەرەبی و تورکیشی زانیوە و شارەزای ئەدەبی گەلانی تریش، بەتایبەت ڕووسی بووە.

زەینەب خان دایکی چوار منداڵ بووە بە ناوەکانی:عەونی، فازل، ڕەمزی و غازی کە بە شێوەیەکی ڕووناکبیرانە و نیشتمانپەروەرانە پەروەردەی کردوون.

توانیویەتی چەک بەکاربێنێت و سوارچاک و زیرەک و بەجەرگیش بووە. لە ڕۆژنامەی گەلاوێژدا لەژێر نازناوی «کچەکورد» بابەتی بڵاو کردووەتەوە. لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری حیزبەکانی دارکەر و هیوا بووە، لەگەڵ براکەی ئاسەف و هاوسەرەکەی ئەندامی خۆیبوون بووە.

زەینەب خان ساڵی ١٩٢٤ بۆ بۆنەی ١ی ئایار شیعری هۆنیوەتەوە. لە شیعرەکانیدا گرینگییەکی زۆری بە پەروەردە داوە و ١١ شیعری بۆ منداڵان نووسیوە؛ هەروەها گرینگییەکی زۆریشی بە یەکسانی و دەستەبەربوونی مافەکانی ژنان داوە و لەناو هۆنراوەکانیدا وشەکانی ژن و پیاو - نێر و مێی زۆر دووپات کردووەتەوە.

ناوەرۆکی شیعرەکانی زیاتر نیشتمانی، ئایینی، دڵداری، وەسفی سروشت (بەتایبەت سروشتی کۆیە) بووە.

زەینەب خان شیعری کلاسیک و نوێی هەیە و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠-١٩٦٠ هەوڵی ئەوەی داوە شیعری هاوچەرخ بنووسێت، لە زەمەنی خۆیدا بە شاعیر نەناسراوە و شیعرەکانیشی تا ساڵێکە چاپ بوون و لە وێژەی کوردیدا وەدیار کەوتوون.

جگە لە هۆنراوە خاوەن بەرهەمی تریشە، تەنانەت ویستوویەتی فەرهەنگێک بنووسێت، بەڵام باقیی بەرهەمەکانی هەتاکوو ئێستا ونن و لەبەر دەستدا نین و ئەگەری ئەوەی هەیە فەوتابن.

کچەکورد بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە

بەرهەمەکان

دیوانی شیعری زەینەب خان (کچەکورد) .

کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری .

مەولود نامەی پێغەمبەر (د.خ) .

دیوانی شیعری عەرەبی .

بەرهەمی دیکە و کەشکۆڵ .

دیوانی زەینەب خان کچەکورد لە ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم سوجادە و پێشەکی و پێداچوونەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە.

سەرچاوەی پەیوەندی دارەکان

ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا لە نووسین و لێکۆڵینەوەی کەماڵ غەمبار (٢٠٢١).

زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک لە نووسینی عوسمان ڕەشاد موفتی (چاپەمەنیی موکریان ٢٠٢٠).

زەینەب خان (کچەکورد) خانمەشاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا لە نووسینی شوکرییە ڕەسووڵ (٢٠١٨).


زەینەب خان ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی مافی خۆی پێ نەدراوە لە نووسینی محەممەد نووری عارف.

ئەلبومی زەیبەب خان کچەکورد

ساڵی ٢٠٢١ ئالبومێک کە کۆمەڵێک لە هۆنراوەکانی دیوانی زەینەب خانی لەخۆ گرتبوو

نوسینی : عوسمان ڕەشاد موفتی.







# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

روووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان.

هاوڕێی زۆر قسەخۆشم نەمر بەکری حەسەن قادر

ساڵی ١٩٨٥ وەرزا ماڵی مام تۆفیق سەر بانیژەکەیان ، ئالیرەیا /ئەم وێنەیە/ژوورێکمان هەبوو کاک فاروق عوسمان ،خاڵە بەرزان قادر میرە خاڵەبەکرم کاکە بەکری حەسەن قادر ،کاک فەرەیدونی عەبەی قەساب خۆم رزگار ،کاتی جیاواز زۆری تر ئەهاتن و ئەرۆیشتن ، ئەم ژوورە رۆژ ئارام بوو ،هەر ئێوارە ئەهات کورم ئەویست جێی دەستکەوێت تا نیوەشەو/کەرتی رێکخستنی چوارتاو کەرتی یەکی تیپی ٣٧ شارباژێر لەوێ بوو زۆریان ئەهاتنە لامان بێجگە لە پێشمەرگەی ترو ........میوان ....ژوورەکە زۆر کاول بوو دارو چیلکەی ئەرزەکەی ،کەژێری ژێرخان بوو،ئەچوو بەلا ران و لاقەبرخەوە گیانمانا بۆیە قەرارمان دا ،دەستێکی پیا بێنین ،ئێوارەیەک قسەمان لەسەرکرد رۆژی دووەم ووتمان چیبکەین کاک بەکری حەسەن قادر /یادی بەخێر هەر خەریکی خۆ قۆز کردن و قسەی خۆش بوو تاقەتی ئیشی نەبوو/ووتی ئەمرۆ وازی با لێبێنین ،بەڵێ باش ، رۆژی دووەم ووتی من تاقەتم نیە باشە ،رۆژی سێهەم ووتی نایەوێت بۆچیەتی ئەویش هیچ ،رۆژی چوارەم ،قەڵەم و کاغەزێکی بەدەستەوە گرد ووتی سبەینی گڵی بۆ دێنین دوو سبەی سیواغی ئەکەین سێ سبەی نایلۆن لەدیوارەکانی ئەگرین چوار سبەی هەمووی تەواو ئەکەین ،ئەمرۆ ئیشمان نیە،...دەی رۆژی دواتر هەر قەڵەم و کاغەزی هانی و هەمان بەزم بوو ..گوێمان لێنەگرد ،دەستمان پێکرد دارو دیوارمان کرد بەهێلکەی سپی وا جوانمان کرد دڵت نەدەهات سەیری کەیت ،تەواو بوو تۆپ باران و هجوم دەستی پێکرد ،دێ چۆڵ بوو کەسی لێنەما مقەر دایە شاخی وەراز ،یەک کۆمەڵ برادەرم بۆ کۆ کردەوە ووتم ئیشی زۆر زەرورم پێتانە ،بردنمە ژوورەکە ووتم بەقوربانتان بم وەرن سێ پێی هەڵپەرن ،ووتیان بۆ ووتم با کاولیکەینەوە وەکو خۆی وەڵا وەک خۆیمان لێکردەوە،ئاخر جار بوو

ئیتر نەمن نەکەس وەرازمان وەک خۆی نەدیەوە،کاول کراو هەمموو ناوجەکە دوای شەرێکی گەورە هەمووی چۆڵ کرا،من خۆم تا ئێستاش هەر ،،نەمدیوەتەوە ،یادی بەخێر،هەزار یادی کاکە بەکرم بەخێر،شایەنی باسە چەند پێشمەرگە لەقوتەی وەراز چوونە کاروانی نەمرانەوە مام فایەق و نەمر کاکە رەحیم پێشمەرگەی تیپی ٥١ ی گەرمیان و نەمر کاکە هیوا پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر و .......کاکە ،حەمەی حاجی سەعیدو هاوڕێ سۆرانیش بریندار بوون ،هێندەم بیر ماوە،خۆم بەشداری شەرەکە نەبووم ،داستانێکی کەم وێنە بوو،بەس تۆپبارانەکەی لەوێ بووم ،تۆپم ئەگرتەوە........./رزگارە سوور


تەواوی ئەو شیعرەی بۆ کاکە سالاری بێ گۆڕو سەربازی ووتم نوسیووە سالاری عەلی حەمە بچکۆل/سالار لەگەڵ کۆمەڵ هاوڕێییدا /١٩/١٨/١٩٨٧/٠٨جوونە کاروانی نەمرانەوە لە سپیلک و قوڵە سوز ،لەکلکەی پیرەمەگرون ، کەریم بەگ ،کامەرانی حەبێ ،حەسەن چاوڕەش ،ساڵح چاوشین ،سالار ، فەرەج /پێشرەو /،ئازاد عەرەب

ساڵی ٢٠٠٣ گەرامەوە بۆ کوردوستان ،لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێمدا لەسەری ئەزمەر دانیشتبوین .کاتێک سەیری ناو شاری سلێمانیم ئەکرد ،سالار بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرەو رووم وەستا ئەم قسانەی لەگەڵ کردم.و پێ ووتم

تۆ عەشقی کچێک بووی
سێوەکەی دڵی خۆت لا دانا
من عەشقی خاکێک بووم
دڵێکی هەناری مرواریم بۆ هێنا
تۆ عەشقی کیژێک بوویت
خوێنت کرد بەخەنەی دەست و پێی
من عەشقی خاکێک بووم
رۆحێکی پڕ جوانی و
دڵێکی پڕ عەشقم
لەرێگەی دا دانا
دڵێکی پڕ گراو
شووشەیەک عەتری سوور
بۆ نازی شۆڕەبی و
بۆ مەمکی نێرگزو
بۆ بنباڵی کۆترە باریکەی ژێر باڵ سوور
تۆ عەشقی کیژێک بووی
باوەشت پڕ مەمک و
پڕ زوڵف و
هەناسەت پڕ بۆنی ژنانە
من عەشقی خاکێک بووم
لەشەوی دەیجورا
دوو چاوم دووربینەوە
باوەشم تفەنگەوە
هەناسەم دوکەڵ و باروتە
تۆ عەشقی کچێک بوویت
شەوگارتان پڕ ماچ و
جێگەتان پڕ ئاهی
تێکەڵ بوون
من عەشقی خاکێک بووم
باغەڵم پڕ ئەسپێ و
بەچرای مانگەوە
پاسەوانی ئەکرم
لەزووڵفی شۆڕەبیم
تۆ عەشقی ژنێک بووی
چوار کۆرپەو
ماڵێکی روناکی پڕ خەندە
من عەشقی خاکێک بووم
بێ گۆڕو ناونیشان
تا کوژرام
لەسەری راوەدنرام
تۆ عەشق و ....من عاشق
تۆ زیندوو ....من مردوو
تۆ بۆ کچ ،....من بۆ گەل
تۆ وێنەت لەکۆگای ماڵێکدا
من لە شاخی قەندیل
بیرتان بی
خوێناوی هەمیشە لەبەرۆیشتووی
جەستەم

فرمێسکی گراوی
دایکانی بەردەرگای جاوەرێی
کۆچەکەم
بیرتان بێ
کاتێ شەو پەرەندەی
لەباڵای ستوون و گڵۆپی شار گەرا
کە باخچە
پەپوولەی لەدەنگدان هەڵبژارد
کە قرییووەی گەورە کچ
لەچێژوان
بۆنی نازو نوزو
وورده ماچی لێهات
بیرتان بێ
ئەو کاتەی
کازێوە بەبێ ترسی ئەڵخام
لەباڵای شاخەوە
بۆ ناو شار دێتە خوار
یا کە مانگ لەکانی بنارا
بەبێ ترس...بەرووتی
بەپاو پوزی سپی سفتەوە
جێژوانی شەوانەی گەرم ئەکات
بیرتان بێ
شووشە عەتری سووری
دڵەکەم
بیرتان بێ
پێڵاوی دراو و
شەرواڵی چڵکن و
رووخساری بێ رەنگ و
کەشکۆڵی بێ نان و
دەم و لێوی تینووو ،،،کەف گرتووم
بیرتان بێ
هەمیشە لاتانم
من هاوڕێی خەبات و
هەنگاوی ناو ژینگەوە
پڕ ترس و مینتانم
بیرتان بێ
هەمیشە لاتانم
لەقرجەی ،،،هاوێنکی گەرما
دەست و بێڵی رەنج و
سەوزایی باختانم
لەگەرماو..... لەسەرما
لەجوار وەرزی ساڵا
بەجێتان ناهێڵم
.....................

رزگارە سوور ساڵی ٢٠٠٣ بۆ کاکە سالاری برا بچوک و گۆر وونم یادی بەخێر



# لە من ڕەنجەڕۆتر

## پیرەمێرد

(ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 948، ساڵی 22، پێنجشەموو، 30ی کانوونی یەکەمی 1948، ل2-3.)

بیستوومە کە لە دانایان و تێگەیشتووانی هەموو تیرەییێك وتوویانە: "ئەشێ پیاو خۆی بناسێ، ئەگەر نەناسێ، ئەتاسێ." من خۆم لە کاتێكدا ناسی کە هەناسەم لە کەساسییە، هەناوم[1] نەماوە، هێلکم[1] بڕاوە، کەڵکی خۆم پێوەنەماوە، تا لەم پیشە ڕەنجەڕۆییيە لابدەم. بە تەجرەبەی بیستوپێنج ساڵدا دەرکەوت و ئینکارناکرێ کە هاتمەوە ئەم خاکە، مەوقیعی حکوومەتی عوثمانیم لەوانە بەرزتربوو کە بوونە وەزیر، هیچ نەبێ من موتەصەڕیفێك بووم. کە طەها هاشمی هات بەشوێنمانا بانگیکردینەوە عیراق، من لە موتەصەڕیفییەوە بە ڕاکردن هاتمەوە. ئەوسایە لە کوردایەتیدا سەری گوێی خۆم ئەئەنگاوت.[1] لە ئەستەمووڵدا غەزەتەی "کورد"م[1] دەرهێنا. لە غەزەتەی هەرەگەورەی "تان"ی فەڕانسەدا شیعری کوردیم نووسی. لە هەموو مەجەللە و غەزەتەی ئێراندا ئاوازی کوردیم بەرزئەکردەوە و لە هەموو گەردشی قۆمیتەچیی کوردستاندا ئەمنەڕاند، باکی پەت و سێدارەم نەبوو.


کە گەییمەوە ئێرە، لەڕێوە خدمەتی خوێندەواری و ڕۆژنامەوانیم لە هەموو خدمەتێ پێشتر زانی. لە هەموو عەلاییق و خولیاییێك وازم هانی. بیستوسێ ساڵە غەزەتەی میللەت دەردێنم؛ با هیچیشی تیانەبێ، باوجوود گوناهە بڵێن *ژین* و *ژیان* گەنجینەی گەوهەری کورد نین! خۆ -هیچ نەبێ- وەکوو کامەران لە موئتەمەری عالەمیدا نەڕاندی وتی: "کورد ثەقافەی هەیە، صەحافەی هەیە،" ناوێك و مەوجوودییەتێکە. دە وەرن تێفکرن، ڕەنجەڕۆییی من ببینن! خانووم لە ڕەهنی پارەی کاغەز و حورووفاتی مەطبەعەدایە و بەرگیشم کۆنەپۆشیی خێرومەندانە، ناوجەرگیشم، بڕوانن بووە بە خومخانە. من وا لە بەرچاوم، کەچی یەکێکی لە من گەوجتر و ڕەنجەڕۆتر پەیدابوو، منی خستە داو[1] و تەسەللای دامێ. ئێستا لە دوورەوە پێی پێئەکەنم، ئەڵێم: دە بڕۆ دەی! ئۆخەی! ئەوە عەلائەدین سەجادییە. خۆزگە -وەك لە *ژین*دا نووسیبووم، کابراییێك باوکی وەصێتیکردبوو صەد لیرە بدا بە کەسێك کە خۆی بڵێ ئەحمەقم. ئەویش بردی بۆ وەزیرەکەی سوڵطان سەلیم کە تازە لە شوێنوەزیرە کوژراوەکە دانیشتبوو، لێکینەدایەوە کە ئەویش بەو دەردە ئەچێ- یەکێکیش صەد لیرەی بۆ عەلائەدین ئەبرد و ئەیگوت وەریگرە! بارێ -هیچ نەبێ- ئەو پارەیەی پێببڕایێ. ئەگینە هەی کابرا! تۆ خۆت ناناسی؟ لە چیت کەمە؟ زیرەکی، عالمی، دڵسۆزی، ڕاستی، لەمانەی کە لە مەوقیعی بڵندان کارزانتری، بە جیددوجەهدی، نابەزی، بڕۆ بۆ خۆت وەظیفەییێك بگرە دەست خۆت، چیت داوە لەم سواڵە بۆ "گەلاوێژ"ی ئەکەی؟!

بڕوانە تۆ هەموو ساڵێك "دەقنە"ییێکی بۆ ئەکەی و لە هەموو غەزەتە و مەجەللەکان ڕێکوپێکتر لە ڕۆژ و سەعاتی خۆیا بە هەموو لاییێکدا ئەینێری. ڕاستت پێبڵێم کە داوای پارە ئەکەی، خاطرانەیە، وەکوو بە خۆتی ببەخشن، وا لە دەستیان ئەبێتەوە. کەچی ئەوانەی لافی وەطەنپەروەری لێئەدەن و هەموو ئێوارەییێك -هیچ نەبێ- ئەوەندەی ئابوونەی "گەلاوێژ" ئەخۆنەوە و دەئەوەندەیش لەسەر مێزی پۆکەر کیس دائەنێن و ڕەست ئەڵێن و ئەوەندە هەر بۆ بۆیاخی قۆندەرە ئەدەن، با تەنها شەوێك بڵێن: "بۆ گەلاوێژ!" وەك کابرای ئەستەمووڵ کە ڕۆژبەڕۆژ ئەوی ئەیویست بیخوا، ئەیگوت: "صانکە یدم: وام زانی خواردم." بەو پارەیە مزگەوتێکی دروستکرد؛ ئێستایش ماوە، پێیئەڵێن: "صانکە یدم جامعی."

توخوا گەلاوێژ ڕۆحێکە ئینسان لە لەشی خۆی داماڵێ! هیچ نەبێ بە پارەییێکی کەم بیکڕن و بیکەن بە (کۆللێکسیۆن،) دوایی بیفرۆشنەوە، گەلێ زیاتریان بۆ ئەکا. عەجائیبتری ئەمەیە: وەطەنییەکان و جگەرگۆشەکانمانیان هەڵفریواندووە، شێتیانکردوون، هەی سەربەرزی و مەوجوودییەتی میللیمان و حەقی حەیاتمان ئەوێ. ئاهـ چەند باشە و خۆشە! بەڵام بە چییەوە؟

بەم سەجییەوە،[1] یاخۆ بۆ کێ؟ بۆ ئەوانەی کە دینارێك بۆ ئۆنۆری[1] میللەتێك دریغئەکەن! بە چاوی خۆم دیم لاوەکانیان وا لێکردین بە خەنجەرەوە هەڵیانکوتایە سەر دەستەی مەترالیۆز. کە کوژران، ئەوان ئەیانگوت: "دە بڕۆن بمرن!" هەر پیرەمێرد بۆیان گریا. سا چی بکەم، تفی بەرەو با ڕیشی خۆم ئەگرێتەوە! هەموویان بە قوربانی کچەکان بن کە لە تەئریخا قەیدکران: "قەڵغانی گوللە." هەندێ واتەی کۆنم بیرکەوتەوە، ئەڵێ:

لە فەلەك دڵم لە خۆی نامێنێ
ئەم جەورە لەگەڵ کورد ئەنوێنێ
سەری خورشیدی بۆ کێ بڕیوە؟
بە بەنساموٚتە هەڵیانواسیوە
پێمئەڵێن غەیبەت مەکە، حەرامە!
ئەوی حەڵاڵبێ، لەلامان کامە؟
هێند چشت گرانە، کیلۆییێك طەنە
ئەوی هەرزان بێ، لافی وەطەنە
داخی ئەمانەم نا لە پشت دەستم
ئیتر قەت نەڵێم، وەطەنپەرستم
بە ڕێککەوت هەرچی بەرێکەوت ڕۆژێ
وەك تووتك پەنجەی داکی ئەکرۆژێ
طۆفانی نووحە، کەوتە تەنگانە
منداڵ ئەخەنە ژێرپێ، بڕوانە
هیی ئەوتۆ دایکی وەطەن باسئەکا
بۆگەنی، ئەهلی نامووس کاسئەکا.









## ئێمە لە ئاوێنە دەچین

### هاژە بەرزنجی



کاتێک نیگام
دەکەوێتە سەرچاوانت
چاوی چەپم
دێتە ئاستی چاوی ڕاستت
دەستی ڕاستم
لەدەستی چەپت دەئاڵێ
فرمێسکی چاوەکانی تۆ
بەچاوانما دێتەخوارێ
زەردەخەنەی سەرلێوی تۆ
دەکەوێتە سەرلێوانم
هەنگاوم بۆلات ئەمهێنێت
بێ ئەوەی خۆم پێی بزانم
تۆلەمندا پێچەوانە دەبیتەوە
وەکو ئەوەی لەئاوێندا بڕوانم
منیش لەتۆداوندەبم،
کاتژمێرەکان دەوەستن
هەرچەند لەخۆم وردەبمەوە
هەر دووکمان یەک شێوە ئەدەین
وا هەستدەکەم کە تۆ منی
و منیش تەواو بووم بەتۆ،
لەناو ئەو ئاوێنەیەشدا
شتەکان هەمووی گۆڕاوە
کەچی عیشقت لەدڵمدا ڕێک
لەجێگاکەی خۆی ماوە
نەڕاست و چەپی کردووە
نە بۆ هیچ شوێنێک ڕۆیشتووە
ئاخرکاتێ لەتی خۆم دۆز ببێتەوە
دڵ چۆن دەتوانێ بگۆڕێ
مەگەر کاتێ پێ بنێم بەڕۆحی
خۆمدا
بۆچەند چرکەیەک بتۆرێ،
بەڵام دواتر لەتەکان یەکدەگرنەوە
هەرچی ئازار و هەڵچونە
هەموویان لەبیر دەچنەوە!

## ئێوارەیەکی پەمەیی

### هەنار موفتی



ئێوارەیەکی پەمەیی بوو
بۆت ئەگەڕام
بۆ دۆزینەوەی تۆ
پەنجە تەزیوەکانم
دڵی شکاوی ئومێدیان
دا ئەگیرساند !
ترس و گومانە بێ ڕەنگەکان
بێ هیوایی تەمەنی دوێنێ و
ئەمڕۆیان
بەرەو فەنا بوونی عەدەم ئەبرد
ئەوە من بووم
بە ڕۆیشتنی تۆ
پێکی ژەهری پڕ ئەندێشەم
ئەنۆشی
هەموو شەوێ
بە وشە و شیعر
خەونە بەدینەهاتوەکانی
باوکم و......
ئازارە نەبڕاوەکانی دایکمم
لەسەر سینگی بیرەوەریەکاندا
ئەنووسیەوە !!
بەدەستە لەرزۆکەکانم
حەسرەت و تارماییەکانی
هەموو تەمەنم، ئەسڕیەوە!
ئەوە من بووم
سێبەری ژێر دارتووەکانم
ئەکرد بەجێ ژووان !.
بۆ نۆبەرەی ماچ
باوەشم بە وجوددا ئەکرد
تا لەبەرچنەی خۆشەویستی
خاڵی ئەبوون
پێش ماڵئاوایی حەزەکان !!
***
وەلێ ئێستا
لەناو سەرکێشی ژیان و مردندا
نمایشی مەرگ ئەکەم
ئەوە منم بیرت ئەکەم
ئەوە منم بۆت ئەگەڕێم
شار بەشارو...
ماڵ بەماڵ و....
کوچە بەکوچەی کۆڵان
نە ... ئەتدۆزمەوە !
نە ... پێت ئەگەم !
***

## پەشیمان نیم

### پەری قەرەداغی



پەشیمان نیم لە گڕکانی
ئەوینێکی لە دڵمایە
ئەگەر لەزنجیربکرێم لە کۆتم
دەن کە یاسایە
بەڕۆحم دا ڕەگی ڕۆچوو کە
ئاوێتەی دڵ و هەستە
لە کڕنۆشی ئەوینێ دام
کەلاتان کوفری خودایە؟
لە خاچم دەن وەکوو عیسا
لەکاتێ گەر دەکێشن ڕۆح
کە پەیوەستم بەم ئەوینە
سامانی دین و دنیایە
لە بەر تۆ هەست وهۆنراوەم
کە شابەیتی غەزەل بارم
بە گرکانە دەرونی من گڕی
سەربەستی تیدایە
لە ئەم ڕستە ئەوینی خۆم و
ئازادی گرێ چینە
داستانی عەشقی شیرینەو
شەم وپەروانەو لەیلایە
کە چی ئەسبی خەیاڵی من
لەبارە و دەستەمۆ نابێ
مەڵێن یاران لە کۆی ئەشقا چ
شومەو بەختی لێنایە
کەمن ئاشق بە مەعشووقم
ئەوینم خاکی بابانە
لە هەر لا شوێنەواری ئەو لە
نێو هەست و خەیاڵمایە

## پەشیمانم

### سەرگوڵ خانمی بابان



ئەوەمن بووم کەبێ تۆ
ساتێک نەمتوانی
هەناسەوگیانم دەربکەم
ڕۆح وگیانم فیدات بکەم
ئەم هەوارە هیچ
چۆڵ نەکەم
هەمووی ڕۆیی
من بێزارم پەشیمانم
لەم هەوارە
لەناو دڵی ئەم ڕۆژگارە
پەشیمانم لە
فرمێسک وئاهی دڵم
لەگیان ودڵ وهەڵبەستم
لەوساتانەی ئاهوناڵەی
من بتگاتێ
لەڕۆحەوە خۆشەویستیم
بانەتگاتێ



# ڕۆڵی پەروەردە، لەکەمکردنەوەی توندوتیژی

ڕەووف محەمەد ئالانی

ئەگەر دڵێکی ئارامت هەبێت، شەڕ لەناوناخی خۆتدا ڕونادات- ماهاتما گاندی
سەرەتا بابزانین توندوتیژی چیە وجۆرەکانی چین وکاریگەریەکانی بۆسەرتاک وکۆمەڵ چ ڕەنگدانەوەیەک دروست دەکەن؟

هیچ کەس لە توێژەران وشارەزایان ونوسەران، لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو ڕێکنەکەوتوون، بۆ توندوتیژی، هەریەکەوبەجۆرێک دەیناسێنێت، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ئەم زاراوایە زیاد لەپێناسەیەک هەڵدەگرێت.

دەکرێت بڵێین توندوتیژی دەرچوونە لە حاڵەتی تایبەت وهەڵچوونێکی دەروونیە، زۆرجاردەبێتە ڕوودانی خەم وئازاربۆ کەسانی بەرامبەر، بەهۆی ئازاردانیان بەشێوازی ئازاردانی دەروونی یان جەستەیی.

توندوتیژی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، جیاوازی هەیە کە چەند فاکتەرێک ڕۆڵی سەرەکی لەو جیاوازیەدا دەبینن.

گرنگترین فاکتەربۆزانینی جیاوازیەکە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە، بێگومان ئەوەی ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ گەشەپێدان وبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گەلان، چەند هۆکارێکن لەوانە(شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت(جۆری حومڕانی)، سیستەمی پەروەردە، ئابوریەکی زانستی وگەشەکردوو....)

ئەمانە بەشێکن لەوفاکتەرانە، دیارە زۆری تریش هەن، بەڵام ئەمانە کاریگەرترینیانن بۆسەرژیان بەگشتی لەڕووی کاری توندوتیژیەوە.

کۆمەڵگەی دواکەوتوو هەمیشە وابەستەی عەقڵی نەریتیە، هیچکات خۆی لە بۆتەی خۆخوازی وبەرژەوەندپەرستی ڕزگارناکات، لەناوبازنەیەکی بچووک خوول دەخوات ولێی دەرناچیت، بۆیە کاتێ توندوتیژی لەلایەن کەسێکەوە سەرهاڵدەدات وەک ئاگر لەناوپووشوپاوانێک بکەوێتەوە، زووتەشەنە دەسێنێت وزۆرشوێنی تریش دەسوتێنێت، لەتاکەوە بۆخێزان وگوندوناوچەوهۆزوخێڵ وعەشیرەت، زۆرجارئەم ڕووداوە بچووکانە واگەورە بوون دەیان کەس بوونەتە قوربانی ودەیان ساڵ درێژەیان کێشاوە.

بەڵام لەکۆمەڵگە شارستانیەکان وپێشکەوتوەکاندا، بەئاسانی بەهۆی دادگایەکی پڕ لەدادەوە زوو گرفتەکە چارەسەر دەکرێت وکەمترین کەس لەوکارە زیانی بەردەکەوێت، یان تەنها ئەوکەسە سزا دەدرێت کە هۆکاری ئەوڕووداوەیە.

ئەمەوێ هەندێکجۆرلەتوندوتیژی باس بکەم ولە دواییدا هەوڵ ئەدەم گرنگترین فاکتەربۆچارەسەرکردنیان بخەمەڕوو، ئەوانیش ئەمامەن:

١-توندوتیژی فیزیکی(جەستەیی) ئەوجۆرەیە کەکەسی بکەرئەبێتە هۆی ئازاردانی بەشێک لەجەستەی کەسێکی تر

٢- توندوتیژی سێکسی ودەست درێژی کردنە سەرکەسانی تربە زۆر، ئەم جۆرە زیاتردەکرێتەسەرمناڵان ورەگەزی مێینە،ئەم توندوتیژیە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە

٣- توندوتیژی دەوروونی، جۆرێکی ترە لە ئازاردانی کەسی بەرامبەر، بە هۆی بەکارهێنانی شێوازێکی نادروست ودوورلەمرۆڤایەتی

٤-توندوتیژی زارەکی(دەمپیسی) واتە بەکارهێنانی زمان بۆ ووشەی نەشیاوبریندارکەرەوەک جنێوودرۆوبوهتان بەکارهێنان

٥-توندوتیژی ئابووری، ئەمجۆرە بەکارهێنانی سامان وماڵ وسەروەتە بەشێوازێکی نەشیاووبێبەشکردنی کەسانی ترە لێی، یان نەڕەخساندنی هەلیکارە وچەوساندنەوەی کەسانی تر، زۆرجارجیاوازی چینایەتی وبێنرخ کردنی مافی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە

٦-توندوتیژی رەگەزی، ئەمجۆرە زیاتر لەوکۆمەڵگەیانە سەرچاوە دەگرێت کە عەقڵی پیاوسالاری وبڕوانەبوون بەمافی ژنان بوونی هەیە

٧-توندوتیژی ئایینی، ئەمەش لەئەنجامی پیرۆزکردنی یەک بیروباوەڕوڕێنەدان بەئازادی بیروڕای تری ئایینی، زۆرجارلەم جۆرەدا ئەگەربەووریایی وئاگایی پیاوانی ئایینی مامەڵە نەکەن، کاری توندوتیژی دەگاتە هانابردن بۆتیرۆروکوشتن وسڕینەوەی کەسان و ئایینەکانی تر، لەسەرتوندڕەوی ئایینی(زەبرانی)دەڵێت: (توندڕەوی ئایینی و ستەمکاری سیاسی
دوو دیوی یەک دراون، ئەوە بەس نییە کە دراوەکە لێبدەین، دەبێت بیگۆڕین).

٨-توندوتیژی پەراوێزخستن ودوورخستنەوە، جۆرێکی مەترسیدارە بەتایبەت بۆ مناڵان کاتێ لەلایەن دایکان وباوکان ومامۆمستایان بەرامبەر بە هەندێ مناڵ دەکرێت ودووردەخرێنەوە لە بەخشینی سۆزومیهرەبانی وبەشداریپێکردن

من تەنها بۆسەرنجدان وئاماژە وخستنەڕوو ئەوجۆرە توندوتیژیانەم هێناوەتەوە، دەکرێ لەسەر هەریەکێک لەوانە دەیان توێژینەوە ئەنجام بدرێت، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە ڕووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوەوهەڵوێستەی لەسەر بکات و خۆی وخەڵکی تریشی لێ دووربخاتەوە، هەروەک (ئیبراهیم المحلاوی)دەڵێت:( وەستانەوەوڕووبەڕووبونەوەی توندڕەوی توندوتیژی ئەرک وفەزیلەتە).

بۆئەوەی کۆمەڵگەکەمان دووربخەینەوە لەتوندوتیژی پێویستە گیانی ئاشتی زاڵ بکەین بەسەر گیانی شەڕەنگێزیدا، سیاسەتزان وشۆڕسگێڕی ناودار(ماهاتماگاندی)ئاماژەی بەگیانی ئاشتی کردووەووتوێتی(هیچ ڕێگایەک بۆ ئاشتی نییە، بەڵکو ئاشتی خۆی ڕێگایە).

هەرلەمبارەوەپیاوی شۆڕشگێڕوسەرکردەی ئەفەریقا(نیلسۆن ماندێلا)وتوێتی:( ئاشتی ئەوەیە کە هەست بە تێگەیشتن لە کەسانی تر دەکەیت و فێر دەبیت بە ئاشتی لەگەڵیان بژیت).

هیچ گۆڕانکاریەک بەئاراستەی باشکردن وچاکسازی بەبێ پلان وتوێژینەوەی زانستی وئاشنابوون بە تەواوی گرفتەکە، ئاکامێکی نابێت، بەبۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان وشارەزایانی هەردووبواری کۆمەڵناسی ودەروونناسی، پێیان وایە زۆرهۆکار دەبنە لەمپەری توندوتیژی وتوندڕەوی، وەک میدیا وکەسانی بەرپرس لە ئایینەکان، پەروەردە، بەڵام لەهەمووان گرنگترپەروەردەیە، بۆیە ناکرێت هەروا بەسانایی وسادەیی لەپەروەردە بڕوانین، حکومڕانی باش و بائاگاوخەمخۆرهەمیشە دڵی لەسەرفەلسەفەی پەروەردەکەیەتی، نەک خەمی گیرفانی بەرپرسان وتاڵانکردنی زەوی نیشتمان بۆبازرگانیەکانی خۆیان.

پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستە خاڵی بکرێنەوە لەوبابەتانەی گیانی شەڕەنگێزی وتۆڵەکردنەوەوئاژاوە لەناو مناڵاندا دروست دەکەن ، چونکە ئەمانە دەبنە ئاژاوەوناخۆشی لەسەر کۆمەڵگە، لەجێی ئەوانە سۆزومیهرەبانی وهاوکاری وخۆشەویستی دابنرێن، ئەمانەش خۆشنوودی بە ژیان دەبەخشن.

ئەم وتارەبەووتەی ناودارێک کۆتایی دەهێنم، وەک چۆن بەووتەیەکی گرنگ دەستم پێکرد، بەهیوام هەموولایەنە پەیوەندیداروبەرپرسەکانی ئەم بوارە، سەرنج وبۆچوونەکانمان بەهەند وەربگرن، لەبەرخاتری نەوەی داهاتووکە ژیانێکی پڕ لەئاشتیان بۆ دابین بکەین، شەڕوئاشووب وکوشتن ونەخۆشی وناخۆشی بکەین بە ئاشتی وڕێزگرتن.

(تیتاڕۆنی)دەڵێت: (ئاشتی تەنها نەبوونی ململانێ نییە، بەڵکو بوونی دادپەروەری و لێبوردەیی و ڕێزگرتنی یەکترە).



# پیرۆزترین پیشە پەروەردەی منداڵانە

## ڕەزا شوان :نەرویج

٢٠٢٣)جۆن دیوی) دەڵێت:"منداڵ ئەو خۆرە گەشەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە".

)رووبارد کلینک) دەڵێت:"جوانترین دیمەن لەژێر ئاسماندا، دیمەنی منداڵێکە کە پێدەکەنێت".

)تۆلستۆی) دەڵێت:"منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هێمای بێتاوانی و پاکی و خێر و ڕاستی و جوانییە".

)هۆمیرۆس) یش دەڵێت:"تاوەرەکان جوانی شارەکانن.. کەشتییەکان جوانی دەریاکانن.. منداڵانیش جوانی ماڵەکانن".

منداڵ بەردی بناغە و یەکەمین خشتە، لە بنیادنانی هەر کۆمەڵگایەک کە داهاتوویەکی گەشی هەبێت. منداڵ تۆوێکە، گەر بە شێوەیەکی دروست بڕوێنرێ و تۆکەرەکەی بە جوانی خزمەتی بکات و بیپارێزێت. دەبێت بە دارێکی گەورە و بەری باش دەگرێت.

دەشێ ئامانجەکانی دایکان و باوکان لە پێگەیاندنی منداڵەکانیان جیاوازبن. ڕەنگە هەر دایک و باوکێک شێواز و ڕێبازی خۆیان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەبێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، هەموو دایک و باوکێک حەزدەکەن، کە منداڵەکانیان زیرەکبن و لە چالاکییە جیاوازەکانی قوتابخانەکەیان بەشداری بکەن. گەورەببن و ببن بە کەسایەتی ڕێزلێگیراوی ناو کۆمەڵ و زۆر بە دڵسۆزییەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن.

)ئەرستۆ) دەڵێت:" ڕەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە".

)ئەفلاتوون) یش دەڵێت:"هونەرێکی تر بوونی نییە، کە لە پەروەردە پیرۆزتر بێت".

)دانتۆن) دەڵێت:" لە دوای پارووی ژیان.. یەکەمین پێویستی گەلان پەروەردەیە". کوردیش دەڵێت" منداڵ شیرینە.. بەڵام پەروەردە شیرینترە".

پەروەردەکردنی منداڵان بە پوختی و دروستی، قورسترین ئەرک و کارە لە هەموو جیهاندا، لە هەمان کاتیشدا پیرۆزترین ئەرک و کار و خزمەتە. بە ڕادەی گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان، دەتوانین پێشبینی چارەنووس و داهاتووی هەر گەل و وڵاتێک بکەین. واتە ئەمڕۆ و داهاتووی هەر گەلێک بە چۆنییەتی پەروەردەی منداڵەکانیانەوە بەستراوە. ئەمەش ڕاستییەکە و بووە بە پێوەر بۆ گەلانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو.

کورد وتەنیش:" چی بچێنین.. ئەوە دروێنە دەکەین".

پەروەردەکردنی منداڵان هونەر و زانستیە، پێویستی بە زانیاری و هۆشیاری و بە لێهاتوویی هەیە. پێویستە پەروەردەکاران، دایکان و باوکان و مامۆستاکان یا هەر پەروەردەکارێکی تر، شارەزایی لە قۆناغەکانی منداڵی و هەراشبوون و گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی و ژیری و جیاوازییەکانی نێوان منداڵان بن. پەروەردەی منداڵان پێویستی بە ئارامی و هێمنی و خۆراگری و پشوودرێژی و دەمارخاوی و سنگ فراوانی هەیە. چونکە پەروەردەی منداڵان، کار و پرۆژەی چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵێک نییە، بەڵکو لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا پێگەیشتن درێژەی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردەی منداڵان کارێکی ئەستەم نییە. گەر بتوانن کۆدی بنەما سەرەکییەکان و پرەنسیپەکان و ڕەهەندەکانی سەرکەوتن و شارەزایی پەروەردەی منداڵان بەدەستبهێنن.

بەڵام بە داخەوە، کە تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە دایکان و باوکانی ئەمڕۆمان، بەپێی میزاجی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەکو چۆن پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دایکان و باوکانیان ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون. ئەوە نازانن کە نە منداڵانی ئەمڕۆ و نە پەروەردەی نوێ، وەکو منداڵان و پەروەردەی سەدەی ڕابردوو نین. زیرەکی و ئاست و خواست و ئارەزووەکانیشیان هەمان زیرەکی و ئاست و خواست و ئارەزوو نین. منداڵانی ئەمڕۆ زیرەکتر و هۆشیارتر و زۆرزانترن لە منداڵانی نەوەی پێشوویان. لە ئەمڕۆدا دایکان و باوکان پانتاییەکی زۆریان، لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و لە زانیارییە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتوونەتەوە. چونکە بە پلەی یەکەم گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵان لە ئەستۆی دایکان و باوکان دایە.

)سیمۆنز) دەڵێت:"پەروەردەی منداڵ، بیست ساڵ بەر لەدایکبوونی دەست پێدەکات.. ئەوەیش بە پەروەردەکردنی دایک و باوک" مەبەستی سیمۆنز، پەروەردەکردن و شارەزاییە لە پەروەردەکردنی منداڵ، بەر لەوەی کە هاوسەرگیری بکەن و ببن بە دایک و باوک. پێویستە دایکان و باوکان بە منداڵی بە دروستی پەروەردە کرابن.. تا بەڵەدبن و بزانن کە چۆن بە دروستی منداڵەکانیان پەروەردە و ئاراستە دەکەن.

ئەمانەی خوارەوە، هەندێ لە بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی دروست و ئاراستەکردنی ڕاستی منداڵانن، کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان دەتوانن سوودیان لێوەربگرن:

١- پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، ببن بە پێشەنگ و نموونە و سەرمەشق.

چونکە منداڵان چاولێکەر و لاساییکەرەوەن. چاو لە ڕەفتار و خووی ئەوان دەکەن.

)وین دایەر) دەڵێت:" منداڵەکانت دەڕوانە ئەو کارانەی لە ژیانتدا دەیانکەیت.. نەک ئەو قسانەی کە دەیانکەیت".

(یوسف جۆبێرت) دەڵێت:"منداڵان زۆر پێویستییان بە چاولێکردنی کەسانی نموونەیی هەیە.. نەک بە ڕەخنەگرتن".

کوردیش دەڵێت:" گەورە ئاو دەڕێژێ و.. بچووک پێی تێدەخا" واتە پێویستە، گەورەکان بە تایبەتیش دایک و باوک، ببن بە پێشەنگ و سەرمەشق بۆ منداڵەکانیان.

بۆ نموونە ئەم خەسڵەتە جوانانەتان پێشان بدەن، تا منداڵەکانتان لێتانەوە فێرببن و چاوتان لێبکەن، وەکو: خۆشەویستی، کوردستان پەروەری، ڕێزگرتن، تەبایی، دڵسۆزی، سۆزداری، نەرم و نیانی، لێبووردەیی، ڕاستگۆیی، هاوکاری، چاکەخوازی، سنگفراوانی، خوێندنەوە و پەرتووکدۆستی، پیاوەتی، ژینگەپارێزی...هتد.

٢- زیادەڕۆیی لە خۆشەویستی و نازپێدان منداڵان لە ڕێ دەردەکەن و دەبن بە نێرگزی.


سۆز و خۆشەویستی و نازپێدان، زۆر پێویستن بۆ منداڵان. بەڵام گەر خۆشەویستی و نازپێدان لە ڕادەبەدەربن. زیان بە منداڵەکانتان دەگەیەنن، کە لای ئێوە نەبن، لای کەسانی تر، هەست بەو ڕادە سۆز و خۆشەویستی و نازە ناکەن. بەرگەی ڕەخنە ناگرن. لەوانەشە کە ببن بە کەسایەتی نێرگزی. کەواتە مامناوەندبن لەم ڕووەوە.

٣- ڕێز لە منداڵەکانتان بگرن و بە هەندیان بزانن. منداڵان هەست بە گەشەکردنی خۆیان دەکەن. لە دیدی ئێوەی دایک و باوکدا، شکۆ و کەسایەتی خۆیان بەدی دەکەن.

لە شێوازی دەنگ و لە ڕوانین و لە زمانی جەستە و لە هەموو دەربڕینێکی ئێوەی دایک و باوک تێدەگەن. گەر ئەرێنیبن کاریان تێدەکەن و پێزانینیان بۆتان دەبێت.

٤- ستایش و هەڵنان و هاندان و پاداشتکردنی منداڵەکانتان. لە ئەنجامی هەر کارێکی ئەرێنیدا کە دەیکەن گەر کارێکی ساکار و بچووکیش بێت، لای ئەوان کارێکی گەورەیە.






ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەن، جاروبار بە دیارییەک پاداشتیان بکەن. یا بە وشە و رستەی هاندەری وەکو: باشە، زۆر باشە، نایابە، جوانە، زۆر جوانە. هەر بژین، هیوادارم کە داهاتوویەکی گەش و باڵاتان ببێت. ببن بە زانای گەورەی گەلەکەمان. یا بە زەردەخەنەیەکی ناسک، یا بە چەپڵەلێدانێک، یا باوەش لێدانێك، ...هتد.

منداڵەکانتان هەستی شانازی و رێز و پێزانینی کارەکانیان لایان دروست دەبن. دەبنە هاندان بۆ گەشەکردن و داهێنان و درێژەدان، بە هرە و بە توانا و ئارەزووەکانیان. پەیوەندی و خۆشەویسی و رێزیش لە نێوان ئێوە منداڵەکانتان شیرینتر و بەهێزتر دەبن. بە پێچەوانەش گەر پێزانیتان بۆ کارەکانیان نەبێ و بە هەند وەریان نەگرن. منداڵەکەتان ئەو هەستە لایان دروست دەبێت، کە پێگە و سەنگ و و رێزیان لاتان نییە.

٥- هەرگیز منداڵەکەتان لەگەڵ منداڵێکی لە خۆی زیرەکتر و باڵاتر بەراورد مەکەن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، ئیرەیی و رق لێبوونەوە و ناحەزی لێدەکەوێتەوە.

٦- بە قسەی سووک و ناشیرین و نەشیاو و توانج هەستی منداڵەکانتان بریندار مەکەن. دەڵێن:"زامی خەنجەر سارێژ دەبێت. بەڵام زامی قسەی ناخۆش هەرگیز سارێژ نابێت" قسەی ناخۆش، ئازار بە هەست و دەروونی منداڵەکانتان دەگەیەنێت، زیاتر لە ئازاری جەستەیی. هەرگیزیش ناو و ناتۆرەی ناشیرین لێیان مەنێن. گەر هەڵەیەکیشیان کرد، کە بە ئەنقەست نەبوو، لێیان تووڕە مەبن. تا وا هەست بکەن هەر خۆشیان دەوێن.

٧- لێدان و هەڕەشە و دڵڕەقی و تووڕەیی و توندوتیژی و مۆڕەلێکردن و سەرکوتکردن و دەمکوتکردن و چاو زەقکردنەوە و قژ و گوێ ڕاکێشان و تفلێکرن و چەمۆڵەلێنان، هەموو ئەمانە دەچنە بواری توندوتیژییەوە. کە پەروەردەی نوێ رەتیان دەکاتەوە. هەموو ئەو کارە نەرێنییانە، زیانی جەستەیی و دەروونی بە منداڵەکانتان دەگەیەنن، لە ماڵدابن یا لە قوتابخانەدابن. بۆیە پێویستە منداڵەکانتان سەرکوێر نەکەن. لە هەموو هەڵەیەکیشدا، سەرزەنشت و لۆمەیان مەکەن و تەریقیان مەکەنەوە و رەخنەیان لێ مەگرن و سزایان مەدەن و قسەی ناشیرینیان پێ مەڵێن و مەیان شکێننەوە، بە تایبەتیش لە بەردەم هاوڕێکانیان دا.

ئەو منداڵانەی کە رووبەڕووی لێدان و توندوتیژی و کەم سۆزی نا خۆشەویستی و دڵڕەقی بوونەتەوە، باجی ئەم پەروەردە سەقەتە دەدەنەوە.. کارتێکردێکی خراپیان تێکردوون، بوونەتە شەڕانگێز و مووبەکار و کەڵەگا و چەقاوەسوو و لەڕیدەچوو. گەر دەتانەوێ منداڵەکانتان تووشی ئەم بەد ڕەفتارییانە نەبن. لیان مەدەن. دەتوانن ئەڵتەرناتیڤێکی ئەرێنی بۆ سزادان و راستکردنەوەی هەڵەکانیان بدۆزنەوە.

٨- یاسا و سنووردان و کۆنترۆڵکردنی منداڵەکانتان پێویستن. چونکە بێسەرە و بەرەیی زیان بەسەرجەم ئەندامانی خێزان دەگەیەنێت. شیرازەی خێزانی تێکدەچێت. لە هەر ماڵێکدا یاسا و رێسا و رێز و خۆشەویستیی دوولایی و تەبایی هەبن. شادی و کامەرانی و بەختەوەری لەو ماڵە دایە. مەبەستیش لە کۆنترۆڵکردن و سنوور دانان، سەرکوتکردنی ئازادی نییە، مەبەست ئەوەیە کە منداڵان رەفتار و رەوشتی ئەرێنی و گونجاو و دروست هەڵبژێرن و فێری رێزگرتن لە یاسا و بەهاکان ببن. تا کە گەورەش بوون رێز لە دەستوور و یاسا بگرن و بەرپرسیارێتی هەڵبگرن. پێویستە دایک و باوک هاوڕا و هاوهەڵوێست و هاوشێوازبن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. چونکە دوو شێوازی جیاوازی پەروەردەی منداڵ زیانی هەیە، بۆ نموونە: یەکێکیان نەرمڕەو و ئەوی تریان توندڕەو، پەروەردەیەکی سەقەتیان لێدێتە ئاراوە.

٩- کاتێک بۆ بەسەربردن لەگەڵ منداڵەکانتاندا دیاری بکەن. راستە بەشێکی زۆر لە ئێوەی باوکان و دایکان سەرقاڵی کارکردنن. بەڵام نابێت ئەمە بکەن بە بیانوو و بە پاساو بۆ فەرامۆشکردنی منداڵەکانتان. هەر ئەوە پێویست و بەس نییە کە تەنیا بە سۆزداری لەگەڵ منداڵەکانتان دابن، بەڵکو بە جەستەییش لەگەڵیاندابن. پێویستە لایەنی کەمەوە هەفتەی رۆژێک یا ئێوارەیەک، بە گردی لە شوێنێکدا پێکەوە نان بخۆن، یا پێکەوە بۆ پیاسەکردنێک، بۆ سەردانێک، بۆ پێشانگایەک، بۆ بینینی فیلمێک، بۆ سەیرکردنی شانۆیەک، بۆ سەیرانێک،...هتد. پێویستە لەم بارەیەوە منداڵەکانیشتان بەشێکبن لە هەڵبژاردن و بڕیاردان و لە پلاندان و بەرنامەدانان.

)جاکسۆن براون) دەڵێت:" کاتی گەڕان و یاری لەگەڵ منداڵەکانتدا دوامەخە.. ئەو کاتانە چۆن بۆ تۆ گرنگن، ئەوهاش بۆ ئەوانیش گرنگن".

١٠- زۆر دایکان و باوکان ئەرکەکانی ماڵەوە، خۆیان بۆ منداڵەکانیان جێبەجێیان دەکەن. ئەمە هەڵەیە. مەبەستی مامۆستاکان لەم ئەرکانەدا، ئەوەیە تا بزانن قوتابییەکانیان فێری بابەتەکان بوونە یا نا. لێیان تێبگەن و یارمەتیان بدەن. خاڵی ئەرێنی و نەرێنیان بزانن.

١١- جەختکردن لەسەر ئەوەی کە منداڵەکانتان بە باشی لە قوتابخانەدا فێردەبن. فێربوون بەشێکی گرنگە لە پەروەردەی منداڵان، بەڵکو پەروەردە و فێرکردن دوانەن و تەواکەری یەکترین. تەنانەت وەزارەتی فێرکردن ناوەکەشیان گۆڕی بە وەزارەتی پەروەردە. فێربوونێکی باش نەک تەنیا لە پێناوی فێربوونێکی ئاکادیمی، بەڵکو فێربوونیش لە چۆنییەتی رەفتارکردنیان لەگەڵ کەسوکار و کەسانی تر و ژینگەی دەور و بەریاندا. پەروەردەی باش ئەوە دەردەخات کە چۆن منداڵان بە شێوەیەکی دروست رەفتار لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن و رێزیان لێدەگرن. بە دڵنیایی و پەرۆشیشەوە دەچن بۆ قوتابخانە و بە باشیش ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن.

١٢- ئازادی بۆ منداڵان و گەورەکان پێویستە و هیچ جێگرەوەیەکی تری نییە. ئازادی بە رادەی ئاو و نان و ژیان پێویستە. مرۆڤ بەبێ ئازادی ژیانی ناتەواوە. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵان ئازادبن لە گوزارشتکردن لە راو و هزر و لە ناخی دەروونیان. ئەگەرچی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ئازادییەکی رەها نییە و سنووردارە. مرۆڤ تا ئەو سنوورە ئازادە، کە سنووری ئازادی کەسانی تر نەبەزێنێت. ئازادی بڕوا و متمانە بەخۆبوون بە منداڵان دەبەخشێت. هۆکارێکی سەرەکی داهێنان و پێشکەوتنە.

١٣- پەروەردەیەکی باشی منداڵان، لە زۆر شت دەیانپارێزێت. )ستاینبێرگ) مامۆستای دەروونناسی جیاواز لە زانکۆی (تمبل) لە ڤیلادلڤیا لە ئەمریکا، دەڵێیت:"پەروەردەی باش، منداڵان لە تووشبوون بە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و لە ئارەزوونەبوونی خواردن و دژە ڕەفتار بە کۆمەڵ و ئاڵوودەبوون بە مەی و بە ماددە سڕکەرەکان دەپارێزێ".

١٤- بە داخەوە تا ئەمڕۆش کۆمەڵێک لە دایکان و باوکانی کۆنەپەرست و پیاوسالاری و عەشایری بە ئەقڵەتێکی کلاسێکی دواکەوتووەوە، جیاوازی دەکەن و وەکو یەک لە کچ و کوڕ ناڕوانن. کوڕانیان لا لەپێشترە لە کچان. پاوەنی ئازادی کچەکانیان کردوون.

١٥- بە جوانی گوێ لە راز و نیازی منداڵەکانتان بگرن و قسەیان پێ مەبڕن. با بە ئەوپەڕی ئازادی و بەبێ ترس ئەوەی دیانەوێت دەری ببڕن و گوزارشتی لێبکەن.

دایکان و باوکان و مامۆستا دڵسۆزەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پانزە خاڵەی سەرەوە و چەندین خاڵی تریش، ئەوە دەزانن، کە چ ئەرکێکی پیرۆز و هەستیار و چارەنووساز و داهاتوویەکی گەشتر لە ئەستۆی ئێوە دایە، لە سایە و میانەی پەروەردەیەکی دروست و ئاراستەکردنێکی راستی جگەرگۆشەکانتان، کە هیوای داهاتووی کورد و کوردستانن.

)هێنری وارد بیتشەر) دەڵێت:" ئێمە هەرگیز لە واتای خۆشەویسی دایکان و باوکان بۆ منداڵەکانیان نازانین، تا نەبین بە دایک و باوک".




# ( ئاسکی بچکۆلە)

## زارا ئەحمەد جاف

بێچوە ئاسکێکی بچکۆلە ، بەبێ پرسی دایکی ویستی بچێت بۆلای هاوڕێیەکانی ، لە ناو دارستان بەدەم گۆرانی وتنەوە کەوتە ڕێ . دارستانەکە زۆر گەورە بوو ، ئاسک ماوەیەک ڕۆیشت سەرنجی لە ڕێگایەکە دا زانی ڕێگایەکەی هەڵە کردوە نەیدەزانی ئاخۆ کام ڕێگایە دەچێتە ناو دارستان ، چاو ی دەگێڕاتاڕێگایەکە بدۆزێتەوە ، بێچوە ئاسک لەدورەوە چاوی بە فیلێکی گەورە کەوت لەلای دارێکەوە وەستابوو، بێچوە ئاسک لەترسا ڕای کرد وای زانی بێچوە فیلەکە ئازاری دەدات ، ئەوەندەیتر دورکەوتەوە ،لەناکاو کەوتە نێو چاڵێکەوە، بێچوە ئاسک نەیتوانی بێتە دەرەوە ، لەبەرخۆیەوە دەیگوت : ئای ئێستا چۆن بێمەدەرەوە هەمووخەتای ئەوفیلەگەورەیە بوو چاوی گەورەو گوێ پان بوو ئاوام بەسەرهات ، چی بکەم چۆن دایەو بابە دەزانن من لێرەم

بێچوە ئاسک ئێوارە نەگەڕایەوە بۆ ماڵ، دایکە ئاسک و باوکە ئاسک لە بێچوە ئاسکەکەیان دەگەڕان ، نەیان دەزانی لەکوێیە لەهەموانیان دە پرسی ئاسکە بچکۆلەی ئێمەتان بینیوە؟ کەس نەیبینی بوو ، خێرا فیلە بچکۆل هاتە لایان و پێی گوتن : من ئاسکم بینی هەرکەچاوی بەمن کەوت بەم لایەدا ڕای کرد ، وەرن با بچین بەدوایدا بگەڕێین ، دایکی بەلایەک و باوکی بەلایەکیتردا لەگەڵ فیلدا بۆناودارستانەکە کەوتنە ڕێ ، دایکی بانگی دەکرد هۆئاسکەکەم تۆلەکوێی ؟ باوکی بانگی دەکرد ئاسکە چکۆلەکەم تۆلەکوێی ؟

ئەوناوە دەگەڕان لە پڕ بێچوە فیل لەسەر زەویەکە چاوی بە تۆقە سورەکەی پرچی ئاسک کەوت زوو ناسیەوە کە ئاسکی بینیوە لەدورەوە تەوقەکەی بریسکاوەتەوە .

هەڵیگرتەوەو گوتی ئەها ئەوە تەوقەی بێچوە ئاسکە بڕوانە !

باوکی خێراتر بوو لەرۆیشتن وزانی لەوناوەیەو توشی ڕوداوێک بوە ، گوێیان لەدەنگی ئاسک بوو بەدوای دەنگەکەوە چون ، بینیان ئاسکۆڵە کەوتۆتەناو چاڵێکەوە

ئاسک چاوی پێیان کەوت گوتی : ئای بابە ، ئای دایە گیان وەرن ڕزگارم بکەن ئەوە چۆن منتان دۆزیەوە

ئای بۆ چی ئەو فیلە گەورەیە لەگەڵ ئێوەیە من زۆر لێی دەترسێم .

دایکی گوتی : باجارێ تۆ بهێنینە دەرەوە


بێچوە ئاسکیان دەرهێنا ئەویش سوپاسی کردن . باوکی گوتی بۆچی تۆ ئاوا دور کەوتوویەوە لەماڵ بەهۆی بێچوە فیل تۆمان دۆزییەوە، بێچوە فیل تۆقە سورەکەی دایەوە ئاسک، ئاسک زانی فیل ئازاری نادات و زۆر میهرەبانە . پێکەوە بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە بڕیاریدا جارێکیتر ئاوا لەماڵ دورنەکەوێتەوە



# سەیرانی بەهار

## ڕەووف محەمەد ئالانی

سەمای گوڵی بەهاران
هەوای فێنکی هەردان
کەروێشکەی گەنم لە دەشت
دلخۆشی وسەمای ناو گەشت
جۆلانەی گوریس لەدار
سەمای خۆشی لەنجەولار
سەیری دنیای جۆلانە
چاودەبا بۆوهەردانە
گەشتی بەهار ساڵانە
ڕێکدەخەین بۆوکەژانە
سەیرانیش لەگەڵ هاوڕێ
ئەمێنی و جێگا دەگرێ
ژینگەمان پاک وجوانە
جوانی بەهای سەیرانە.






## فڕین..... نووسینی:حیکمەت عەبوش کۆرکیس

### وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:مەحمود عەبدولکەریم باجەڵان

کاتێک بێچووە کۆترەکەلەیەکەم هەوڵیدا بۆفڕین لەدار زەیتوونەکە نزیکبووەوە بۆ ئەوەی لەسەریەکێک لەلقەکانی بنیشێتەوە، بەڵام خۆی کێشا بە دارەکەداو کەوتە سەرزەوی و نەیتوانی بەهیچ کام لە لقی دارەکە خۆی بگرێتەوە، دارزەیتونەکە بەو هۆیەوە زۆر ئازاری پێگەیشت، پرشنگ کە لەنزیک دارەکە خەریکی کتێب دەخوێندەوە بوو،بەودیمەنەزۆر خەمبار بوو، بۆیە یەکسەرچووە لای و گرتییە نێو باوەشی، بینی بەشێکی زۆری باڵەکانی بێچووە کۆترەکە هێشتا پەڕیان دەرنەکردووە ئیتر زانی کە بۆچی کەوتووەتە خوارەوە، زۆر هەوڵی لەگەڵدا بفڕێت بەڵام هەر سەرکەوتوو نەبوو.بۆیە دارزەیتونەکە ،کەچاوی پێان کەوت بە پرشنگی وت: ئەو بێچوە کۆترە ناتوانێت بفڕێت بێ یارمەتی دایکوباوکی،پاش کەمێک دایکوباوکی کۆترەکە بەخێرایی هاتن بۆلای پرشنگ و دارزەیتونەکە، کەدەگەڕان بەشوێن بێچوەکەیاندا، کاتێک دۆزییانەوە و بینیان بەدەست پرشنگە ەوەیە زۆر دڵخۆش بوون و داوایان لێکرد پییان بداتەوە و ئەویش پێیدانەوە، دوای کەمێک خستیانە نێوان خۆیانەوەو یارمەتیاندا تا لەگەڵ خۆیان گەیاندیانەوەناو هێلانەکەیان.

دوای مانگێک بێچوەکۆترەکە بەوپەڕی متمانەوە دەفڕی و دەچووەسەردار زەیتوونەکە، بۆیە دارزەیتونەکە کە تەماشای کرد و بینی باڵەکانی پڕ لەپەڕبوون، پێکەنی و وتی: ( زۆر بەدڵنیاییەوە ئێستا ئیتر دەتوانێت بفڕێت).



## شیرای قژلول و وانەیەکی نوێ

### نووسینی: دکتۆر ماجد خەلیل

شیرا کچێکی بچکۆلەی زمان شیرینی قژلول بوو، هاوڕێکانی زۆریان خۆشدەویست، چونکە هەرگیز وشەیەکی نەشیاو یان پێکەنیناوی یان زبری بەرانبەر یەک هاوڕێی بەکارنەدەهێنا، ئەگەریش قسەیەکی توند یان ڕەفتارێکی ڕەقی بەرانبەر بکرایە، هێشتا ئەم داوای لێبوردنی دەکرد. هەربۆیە بە کچە میهرەبانە قژلولەکە بانگیان دەکرد.

جارێکیان لە باخچەی منداڵاندا، گروپی گوڵەباخ کە دە منداڵ دەبوون، پێنجیان کچ و پێنجیان کوڕ بوون. مامۆستا بڕیاری دا، پێشبڕکێیەکی ڕاکردنی ماوە کورتیان پێبکات، بزانێت کامیان دەبێتە یەکەمی گروپەکە تاوەکو کەسی هەڵبژاردە بەشداریی پێشبڕکێی گروپەکانیتری پێبکەن.

ئیتر بۆ بەیانییەکەی دەبوو منداڵەکان بە جلی وەرزشییەوە ئامادەی پێشبڕکێکە بن.

بۆبەیانی پێنج کوڕەکەی گروپی گوڵەباخ بەجلی وەرزشییەوە لە حەوشەکەدا ئامادە بوون، بەڵام لەناو کچەکاندا تەنها شیرا جلی وەرشیی لەبەر کردبوو. مامۆستاکە بە سەر سوڕمانەوە پرسی: شیرا گیان بۆچی جلی وەرزشیت لەبەر کردووە؟

شیرا وەڵامی دایەوە: مەگەر بڕیار نییە پێشبڕکێی ڕاکردن بکەین؟

مامۆستا: بەڵێ بڕیارە، بەڵام خۆ ئێوە کچن، چۆن دەتوانن پێش کوڕەکان بدەنەوە.

شیرا هەرچەند ئەم وەڵامە زۆر نیگەرانی کرد، بەڵام زۆر بەڕێزەوە بە مامۆستاکەی وت: مامۆستا گیان، ئێوە نەتانوت پێشبڕکێی کوڕانەیە، بەڵکو وتان پێشبڕکێ دەکرێ لەنێوان منداڵەکاندا، کێ توانی بیباتەوە نوێنەری گروپەکەمانە.

بەم هەڵوێستەی شیرا، مامۆستاکە دڵخۆش بوو، هاوڕێ کچەکانیشی بوونە هاندەری شیرا و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی شاوری دەسپێکی پێشبڕکێکە بوون.

ئەوەبوو منداڵە کوڕەکان بە پێکەنینەوە تەماشای شیرایان دەکرد، بەڵام کاتێک، شاور لێدرا، شیرا بەخێراییەکی زۆر توانی پێشی هاوڕێکانی بداتەوە و بوویە براوەی گروپی گوڵەباخ. لە گەڕی دووەمی پێشبڕکێکەدا نوێنەری دە گروپ ئامادە بوون، لەناو ئەوانەدا تەنها شیرا کچ بوو. لەم گەڕەشدا دیسانەوە شیرا بە پشتیوانی و هاندانی هاوڕێ کچ و کوڕەکانی توانی بێتە براوەی تەواوی گروپەکانی تر. بەمەش توانی خەڵاتی یەکەم بەدەست بهێنێت و بۆ هەموانیشی بسەلمێنێت کە جیاوازییەک لە نێوان تواناو تاقەت و زیرەکی کوڕان و کچاندا نییە.



# لاس ژینگە پارێزە

نەریمان عوسمان

لاس لە قوتابخانە خنجیلانەکەی گوندەکەیاندا لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی دەیخوێند ، بە پێچەوانەی هاوڕێکانیەوە ئەو ژینگە و ئاژەڵانی خۆشنەدەویست . ڕۆژێکیان لەناو باخچەکەی ماڵەوەیان دانیشتبو دوو هەنگی زەردی جوانی بەسەریەکێک لەگوڵەکانەوە بینی کە خەریکی مژینی شیلەی گوڵێك بون ، بەتوڕەییەوە بە هەنگەکانی گوت : خێرا لە باخچەکەی ئێمەدا بڕۆن نامەوێت لێرە بتانبینم و خەریکی یاریکردن بن ، یەکێك لە هەنگەکان ڕویکردە لاس و پێی گوت : هاوڕێ گیان بۆکوێ بڕۆین ، ئەی تۆ نازانێ ئێمە خەریکی دروستکردنی هەنگوینین و یاریشمان نەکردوە خۆ ئەگەر یاریش بکەین مافی خۆمانە لەم سروشتە جوانەدا . خێرا لاس قسەکانی پێبڕین و وتی : من هاوڕێی ئێوە نیم ئێوە چ سودێکتان هەیە بۆ من تا ببنە هاوڕێم ؟

هەنگەکان بە قسەکەی لاس دایانە قاقای پێکەنین و گوتیان سەیرە قوتابییەکی زیرەکی وەك تۆ نەزانێت ئیشی ئێمە چییە و سودمان چییە بۆ مرۆڤ ؟! لاس زیاتر خۆی توڕەکردو بە هەنگەکانی گوت : ئێستا دەڕۆن یان ئازارتان بدەم ، هەنگەکان بەهێمنی ڕویانکردە لاس و گوتیان : ئێمە دەڕۆین بەڵام کاتێك دێت هەست بەهەڵەکانی خۆت بکەیت و پەشیمان بیتەوە ! هەنگەکان ڕۆیشتن بۆ باخچەیەکی تر . گوڵەباخێکی جوانی ڕەنگ ئەرخەوانی لە دورەوە گوێی لە گفتوگۆکانی لاس و هەنگەکان بوو . ڕویکردە لاس و بەهێمنی پێی گوت : لاس کارێکی باشت نەکرد هەنگەکانت دەرکرد . لاس سەیرێکی گوڵەکەی کردو گوتی : بۆچی .. وا دیارە تۆش بەرگرییان لێدەکەیت ، گوڵەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی : بە پێچەوانەوە تۆ هەڵەتکرد بەرامبەر بە هەنگەکان ئەوان خەریکی کارێکی سروشتی خۆیان بون کە هیچ زیانێکیان بۆ سروشت نییە و بگرە سودێکی زۆریان هەیە بە تایبەتی بۆ ئێوەی مرۆڤ ؟ لاس کەمێك بێدەنگ بووبە گوڵەباخەکەی گوت : ئەوان چ سودێکیان هەیە بۆ ئێمەی مرۆڤ ؟! گوڵەباخەکە گوتی : با من پرسیارێکت لێبکەم تۆ لە قوتابخانە مامۆستای زانست باسی چۆنیەتی دروستکردنی هەنگوین و سودەکانی بۆ نەکردون؟ . لاس بەشەرمێکەوە بە گوڵەکەی گوت : بەڵێ .... و هیچی تری نەوت و بەخێرایی هەستا و شوێنەکەی جێهێشت و چوە ژورەوە و کەمێك بە بێدەگی دانیشت، پاشان مۆڵەتی لە دایکی وەرگرت تا نزیك چۆمی گوندەکە بچێت .

لە ڕێگادا کەبەرەو چۆمەکە دەڕۆیشت بە نێو دارستانی گوندەکەدا تێپەڕی و دەستی دایە بەردێك و هەڵیدا بە ئاسماندا لەو کاتەدا دایکە کوندەپەپوولەسەر لقی داربەڕویەکەوە سەری بەرزکردەوە و بە توڕەییەوە بە لاسی گوت : دیسانەوە دەستت کردەوە بە لاسارییەکانت ، تۆ ناترسیت ئەو بەردەی هەڵتدا بەئاسماندا بەر بێچوی باڵدارێك بکەوێت و ئازاری پێبگەیەنێت ، لاس بە خۆبایبونێکی زۆرەوە ملی ڕێگەی گرت و وەڵامی نەدایەوە و ڕۆیشت تا گەیشتە کەناری چۆمەکە و کۆمەڵێك بەردی بچوکی کۆکردەوەو یەکە بە یەکە بەردەکانی هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوە لە پڕێکدا ماسییە سورە سەریدەرهێناو بە توڕەییەوە بە لاسی گوت : ئەرێ تۆ بێزار نەبویت لە هەلسوکەوتە ناشرینەکانت یان بەرد هەڵدەدەیتە ناو ئاوەکەوە یان پاشماوەی خواردنەکەت .

لاس لە کاتی گەڕاندنەوەیدا بۆ ماڵەوە لە پڕێکدا ورچە بۆری بینی و رویکردە لاس و پێی گوت : ئەو ڕۆژە چاوم لێت بوو تویەکی زۆرت لەدار توەکە کردەوەو خواردت لە دوایشدا لقێکت لێکردەوە و شکاندت ئەزانی لاس بەو کردەوانەت دڵی زۆر کەست لە خۆت ڕەنجاندوە و زیانێکی زۆریش بە ژینگە جوانەکەمان دەگەیەنیت ! هیوادارم هەست بە هەڵەکانی خۆت بکەیت و دوبارەیان نەکەیتەوە و تۆش وەکو هاوڕێکانت لەخەمی ژینگەکەتدا بیت و خزمەتی بکەیت ئەوەش بزانە هەمومان لەم ژینگەیەدا تەواوکەری یەکترین و پێویستمان بەیەکتری هەیە تا بەخۆشی بژین .

وتەکانی ورچە بۆر کاریگەری لەسەر لاس هەبوو بە بێدەگی هەنگاوی نا بەرەو ماڵەوە و هەستی بەهەڵەکانی خۆی دەکرد ، پاش نانخواردن بیری لە کردەوەکانی خۆی دەکردەوە کە چەندە کاری نادروستی کردوە بە رامبەر بە باڵندەو ئاژەڵەکان و ژینگەکەی و چوە شوێنی نوستنەکەی و بە خەمباریەوە خەوی لێکەوت ، لە خەویدا وەك جاران چوە نزیك کەناری روبارەکەو هەوڵی دا، بەردێك بخاتە نێو ئاوەکەوە و لە پڕێکدا پێیەکی خلیسکاو کەوتە نێو ئاوەکەوە و وردە وردە خەریکبوو نوقم دەبو زۆر هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات بە هۆی شەپۆلی بەهێزی ئاوەکەوە بێسود بوو ، لەو کاتەدا کە لە نێو ئاوەکەدا بوو ماسییە سورە بینی لاس لە ئاوەکەدایە بە خێرایی هاواری کرد خێرا وەرن کۆببنەوە با لاسی هاوڕێمان رزگاربکەین زۆرێك لە ماسییەکان و هەشت پێ بەدەم هاوارکردنی ماسییە سورە هاتن و بە خێرایی توانیان لاس رزگاربکەن و لە ئاوەکە دوریبخەنەوە ، لەو کاتەدا ورچە بۆر لە دورەوە روداوەکەی بینی بە خێرایی خۆیی گەیاندە لاس و وتی : خەمت نەبێت هەموو شتێك باشە و ئەزانم هیلاکی ئێستا کەمێك پشو بدە و دوای خۆم دەتبەمەوە بۆ ماڵەوە ، لاس کە ئەم دیمەنەی بینی چۆن لە خنکان رزگاری بوە زۆر سوپاسی ماسییە سورەو هەشت پێ و ورچە بۆرەی کرد و وتی : زۆر داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە ڕۆژگارێك کارێکی نەشیاوم بەرامبەر بە ئێوە و ژینگەکەم کردبێت ، ئاژەڵەکان زۆر دڵخۆش بون بە قسەکانی لاس و گوتیان : هاوڕێ گیان هەمومان لە ژیاندا هەڵە دەکەین گرنگ ئەوەیە دوبارەی نەکەینەوە ، دەبێت ئەوەش بزانین کە ژیان پێویستی بە هاوکاری و خۆشەویستی هەیە . لە ڕێگادا کە ورچە بۆر لاسی دەبردەوە بۆ ماڵەوە لە سەر دارێکەوە بە بازدان مەیمون هاتە خوارەوە و مۆزێکی بچوکی پێبوو و بە لاسی وت : هاوڕێ ئەم مۆزە بە تامەم بۆ تۆ هێناوە هیوادارم بە دڵت بێت و لە پڕێکدا لە دورەوە کوندەپەپو هاواریکرد بوەستن ... بوەستن ..... ئەویش هەرمێیەك و هەڵوژەیەکی سوری دایە دەست لاس و پێی وت : هاوڕێکەم بەهیوام زۆر باش بیت ، لاس رویکردە مەیمون و کوندە پەپو و پێی گوتن : سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویست . کاتێك لاس خەبەری بوە سەری لە باوەشی دایکیدا بوو و وتی: کوڕە شیرینەکەم هاوارت دەکرد بۆیە هاتم بۆ لات زانیم کە خەو دەبینی ، ئێستا بخەوە و کە بەیانی هەڵسایت خەوەکەتم بۆ بگێڕەوە .بەیانی لەسەر سفرەی نانخواردەنەکە لاس خەوەکەی بۆ دایك و باوکی گێڕایەوە کە چۆن گیاندارانی گوندەکەیان لە خنکان رزگاریان کردوە و یارمەتیان داوە تا بە سەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە . دایکی رویکردە لاس و پێی گوت : کوڕە شیرینەکەم مرۆڤ دەتوانێت بە کردەوەی جوان و گیانی هاوکاریکردن ببێتە هاوڕێی گیانداران و ژینگە ، لە دوایدا لاس بەڵێنی بەدایك و باوکی دا کە لەمەودوا ئازاری هیچ گیاندارێك نەدات و هەتا بتوانێ پارێزگاری لە ژینگە بکات.




# ناخی منداڵ وەک زەوی وایە

## چنار عەزیز

پەروەردەی خێزان بریتییە لەچاندنی مرۆڤایەتی سەرەتا لە ناخی دایک و باوک جا منداڵ، چونکە ئەو مرۆڤایەتییەی دایک و باوک لە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی منداڵدا ڕەنگدەداتەوە. واتا ناخی منداڵ وەک زەوییەک وایە، دایک و باوک جوتیاری ئەو زەوییەن، هەرچی لەو زەوییە بچێنرێت، سەوز دەبێت، ئەو بەرهەمەشی کە دایک و باوک لەو زەوییەدا دەیچێنن، بریتییە لە ڕێز، سۆزو خۆشەویستی، لێبووردەیی، بەها دانان بۆ خودی خۆیی و دووروبەر. منداڵ زیاتر بەپێدانی خۆشەویستی و ڕێز و بە گرنگ سەیرکردنی کەسایەتییان بەو جۆرە ئاڕاستە وەردەگرێت کە دایک و باوک لە پەوەردەکردنیاندا پێی دەدەن. کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر کەسایەتییان دادەنێت. کەواتە دایک و باوک بە ئاڕاستە ڕوونەکانیان دەتوانن یارمەتی منداڵەنیان بدەن و پەروەردەیەکی باشیان بکەن. جەوهەری پەروەردەی خێزان لەوەدایە کە دەزانێت چ کەسایەتییەک دروست دەکات. و کێ دەنێرێتە نێو کۆمەڵگە. ڕێگاکانی پەروەردەی خێزان ناکۆتان چونکە خێزان گرێدراوە بە کۆمەڵگەوە، واتا خێزان بنیاتنەری کۆمەڵگەیە. کەواتە کۆمەڵگە لەناو خێزاندا هەناسە هەڵدەکێشێت. هەروەها ئەوەی لە تاکدا سەرنجی دەووروبەر ڕادەکێشێت، ئەوپەروەردەیەیە کە خێزان پێشکەشی کردووە. واتا ئەوە پەروەردەیە جیاوازی مرۆڤەکان دەردەخات. تەنیا جیاوازی خودی کەسەکەمان بۆ دەرناخەن، بەڵکو جیاوازی خودی خێزانیشمان بۆ دەردەخات ، لەبەرئەوە خێزانیش بەشێوەی جیاوازو جۆراو جۆر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت و بەشێوەی جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگە دەدوێت، چونکە هەموو خێزانێک هەڵگری پەروەردەی تایبەت بەخۆیەتی لە دروستکردنی کەسایەتی جیاواز، بیرکردنەوەی جیاواز، هۆشیاری جیاواز، تێڕوانینی جیاواز بۆ ژیان. خێزان جگە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ئەرکی جیاواز و جۆراو جۆر بۆ ئەندامەکانی جێبەجێدەکات، لە هەمووی گرنگتر ئاسایشی سۆزداری و دەروونی دابین دەکات. بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو گەرمی و خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەی کە پێکەوە ژیان لە نێوان هاوسەرەکان و لە بەرامبەردا لە نێوان ئەوان و منداڵەکانیاندا دروستی دەکات.

کەواتە جوانی پەروەردە لەوەدایە هەمیشە تا کۆتایی تەمەن دەمێنێتەوە بۆ بنیاتنای کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو.



# ستار ئەحمەد

پێشوازی
ئێستا بابە دێتەوە
یاخوا بەخێر بێتەوە
وەك سمۆرە بە چرپە
بە باڵایا هەڵدەزنێم
هەموو کاتێك وشیارم
هەنگاوی چاکە دەنێم
ئێستا بابە دێتەوە
دەرگامان دەکرێتەوە
شتو مەکم بۆ دەکڕێ
ڕێگایەکی دوور دەبڕێ
دێتەوە بۆلای خۆمان
شادی دەهێنێت بۆمان
جلی جوانم بۆ دێنێ
خوا بابم لێنەسێنێ
ئێستا بابە هاتەوە
زوو خەوێك دەیباتەوە
هیچ دەنگە دەنگێ ناکەم
دڵسۆزم بۆ ئەو باوکەم
بەخوا بابە گەڕاوە
پێنووسی بۆم هێناوە
بابە بەخێر بێیتەوە
وەك گوڵ بگەشێیتەوە.



نە مردم مە نەگەر نەمجارە بێ تۆ
نە چێم شەرت بێ هەرتا ئەم خوارە بێ تۆ
دەروونم خالییە وەک نەی دەنالێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ
بینایم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس
مژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ
لە سەرم بەو شەرەبەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ
هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون
ئەمیستا موو بە موودم ئەغیارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
ئەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ
لە حسرەت سەروی قەدت چاوی نالی
دوو جوگە بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ
« نالی » بە خەتی عوسمان دەروێش ٢٩/٥/٢٠١٩



# نالی

**کوردپیدیا**

**ناو: خدر**
**ناوی باوک: ئەحمەد**
**نازناو: نالی**

نالی ناوی خدر (خضر)ە و کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکایەڵییە. لە گوندی خاکوخۆڵ لەدەشتی شارەزوور هاتووەتە ژیانەوە. بەپێی ڕێبازی خوێندنی ئەو سەردەمە لە سەرەتاوە قورئانی پیرۆزی و وردەپەرتووکی فارسی خوێندووە و چووە بۆ فەقێیەتی و لەپێناوی وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا شار و دێهاتە و قوتابخانەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و مۆڵەتی مەلایەتیی وەرگرتووە.

ئەو شوێنانەی نالی بۆ ماوەیەکی زۆر تێیاندا ماوەتەوە: سنە، سابڵاغ، زەردیاوای قەرەداغ، هەڵەبجە و سلێمانی. لە قەرەداغ لای شێخ محەممەدی (ئیبنولخەییاط) خوێندوویەتی. لەتەکییەی قەرەداغیش ماتماتیکی لای شێخ عەلیی مەلا خوێندوە. لە سلێمانی لە مزگەوتی سەیید حەسەن لای مەلاعەبدوڵڵای ڕەش بووە. زۆرترین کاتی موستەعیددیی لەخانەقای مەولانا خالید لە سلێمانی بەسەربردووە. هەروەها گەلێکیشی لە هەڵەبجە و سلێمانی لای شێخ ئەوڵای خەرپانی خوێندوە.

سەبارەت بە تەمەنی نالی چەندین بۆچوونی جیاواز: خوالێخۆشبوو محەممەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: نالی لە ساڵانی 1273-1215دا کۆچیکردووە و 1800-1856 زایینیدا ژیاوە.


دکتۆر مەعروف خەزنەداریش هەر هەمان مێژوو دیاری دەکات، هەروەها دکتۆر کەمال فوئادیش هەمان بۆچوونی هەیە.

مامۆستا عەلائەددین سەجادییش دەڵێت: لە 1797ی زایینیدا هاتووەتە دنیاوە و لە 1855دا مردووە.

هەموو ئەم مامۆستایانە، بێجگە لە مامۆستا سەجادی نەبێ، مێژووی لەدایکبوون و مردنی نالییان وەک یەک دانا و بەو پێیە نالی 56 ساڵ ژیاوە. تەنیا بەپێی بۆچوونەکەی مامۆستای سەجادی تەمەنی بووە 58 ساڵ.

ئەم جیاوازییەش وەکوو سەرنجی بۆ دراوەقسەی مامۆستا سەجادی لەلایەک و دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لەلایەکی ترەوە دەربارەی تەمەنی و ساڵی لەدایکبوونی نالی ئەو بەراوردکردنەی کوردی و مەریوانی و بەدوای ئەوانیشدا مامۆستا عەلی موقبیلە، ئەوەی لە پێشەکی دیوانەکەیاندا ساڵی 1215ی کۆچییان لەگەڵ ساڵی 1797ی زایینیدا بەراوردکردووە. جا ئەگەر وەها بێت، ئەوا وەک کوردی و مەریوانی و موقبیل و سەجادی ئەفەرموون نالی 58 ساڵ ژیاوە.

بەڵام لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنیی یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربێلیدا ساڵی 1215ی کۆچی لەگەڵ ساڵی 1800-1801ی زایینی بەرانبەر کراوە. بەپێی ئەمە وەک دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لەسەری ڕۆشتوون، ساڵی لەدایکبوونی نالی دەکاتە 1800ی زایینی و تەمەنیشی دەبێتە 56 ساڵ.



# دەقی نامەیەکی نەوشیروان مستەفا بۆ شێرکۆ بێکەس

نەوشیروان مستەفا سەرکردەی نیو سەدە لە خەباتی گەلی کورد، سەرباری ڕۆڵی گەورەی لە ڕوداوە سیاسیەکان، هەمیشە لە خەمی ئەدەب و قەڵەمدابوە، بەپێی دۆکۆمێنتێک و لە نامەیەکدا کە مێژوەکەی بۆ ساڵی (1989) دەگەڕێتەوە پێشنیاز بۆ شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس دەکات کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی شیعر و ئەدەبی کوردی ئامادە بکات.

سەبارەت بە شیعری کوردیی، نامەیەکی (نەوشیروان مستەفا بۆ شێرکۆ بێکەس)

برای بەڕێزم کاکە شێرکۆ، سڵاوێکی گەرم هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن، بە پەرۆشەوە هەواڵتان ئەپرسم. دەستی شەفیقە خان ماچ ئەکەم. سڵاو لە نەسرین خان ئەکەم. ئومێدەوارم هەڵۆ و مناڵەکان تەندروست و سەرکەوتو بن.ئەگەر پرسیاری هەواڵی ئێمە ئەکەی ماوین و ئەیگوزەرێنین، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجامێکی ناخۆش گەیشتین، گەلەکەمان لە هەلومەرجێکی سەخت و نالەباردا ئەژی، دیارە خۆت ئاگاداری کوێرەوەری خەڵکی و پێویست ناکا لەسەری بڕۆم. هەمومان ئێستە لە بیرکردنەوەی ئەوەداین کە بۆ درێژەپێدانی خەبات، ئەبێ چی بکەین، چی بگۆڕین؟ شێوەکانی خەبات بە ڕێگەکانی خەبات؟ یاخود (عەقڵیەت)ی جۆری خەبات و ئامانجەکانی؟ من خۆم هێشتا لەسەر شتێکی دیاریکراو ساخ نەبومەتەوە، دیارە پەلەکردنیش باش نیە.... هەموو لایەنەکان پێیان وایە کە ئەبێ هەوڵبدرێ بۆ چارەسەری سیاسی (شێخ ڕەزا گوتەنی: تازە ئەچێ بۆ بەصرە، بعد خراب البصره!)ئێستە تەرکیز لەسەر ئەوەیە لێی نائومێد نیم و ئومێدی زۆریشم پێی نییە، بە کورتی ئەمە دیمەنی نوێی بۆچونەکانی ناوەوەیە.

با لەو باسە گەڕێین، بەچاکم زانی پێشنیارێکت بۆ بکەم، کە لام وایە کارێکی گرنگ ئەبێ، خۆت ئەزانی شیعری سیاسی کوردی لە هەندێ قۆناغی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا گرنگیەکی گەورەی هەبوە، چ لە دەربڕین و داڕشتنی هەندێ لە ئاوات و ئارەزوەکانی گەلەکەمان و دیاریکردنی لایەنی فیکری، وە چ لە هاندانی خەڵکدا بۆ خەبات، لام وایە ئەگەر بەشێکی کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەی، تۆ ڕەنگە باشترین کەس بی کە لێکۆڵینەوەی درێژو زانستی لەو بارەیەوە ئامادە بکەی، بە تایبەتی لە باری ئێستای ژیانی ئێستادا فرسەتێکی وا هاتوتە پێشەوە لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر وا نەمێنێ.

پێشنیارەکەی من بە کورتی ئەمەیە:
دەوری شیعری سیاسی کوردی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا. لەمەشدا ٣ قۆناغی مێژویی بکرێتە نمونەو لە فەترەیەکی دیاری کراودا
- قۆناغی یەکەم: ١٩١٨- ١٩٢٥ سەردەمی شێخ مەحمود و دروستکردنی حکومەتی کوردستانی.
شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش، بەرهەمەکانیان مەعلومە.
- قۆناغی دووەم: جمهوریەتی مەهاباد.
شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش مەعلومن، زۆربەی بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا هەیە.
- قۆناغی سێیەم: ١٩٥٨- ١٩٦١ کوردستانی عێراق کە خۆت یەکێک لە شاعیرەکانی بوی.
- قۆناغی چوارەم: ١٩٧٠- ١٩٧٥.
بێگومان ئەمە هەر پێشنیارە، بەڵام من خۆم بەلامەوە زۆر گرنگ و بە کەڵک ئەبێ کە بەرهەمێکی وا بنوسرێ و دڵنیام فیکری کوردیی زۆر دەوڵەمەن ئەکات و ئەهمیەتی شیعر لە مێژوی نوێی گەلەکەماندا دەرئەخا. بە نیسبەت خۆمەوە خەریکی نوسینی باسێکی درێژم لەسەر (مەسەلەی کورد لە کاروباری دەوڵەتاندا) هەندێ بەشیم نوسیوەو خەریکی بەشەکانی تری ئەبم، هەرچەند فرسەتم هەبێ هەوڵئەدەم خەریکی بم، هەوڵئەدەم باسێکی سیاسیو فیکریو وثائقی بێ، وە دەری بخەم پێوەندی کوردو دەرەوە چۆن بوە، غەڵەتی سیاسەتی خارجیی حەرەکەی کوردی، نوقتەی زەعیف و قوەتی چی بون و بۆچی ئەم عائیلە، هەمیشە دژی مەسەلەی کورد بوو، دەریخەم (بێگومان بە پێی تەفسیری خۆم).

نەوشیروان مستەفا ئەمین
ڤییەننا:١٩٨٩

نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرکردەی نیو سەدە لە خەباتی گەلی کورده و ئەندازیاری ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ە، هاوکات ڕوناکبیر و مێژونوس و قەڵەمێکی دیاری گەلی کوردە و خاوەنی زیاتر لە (30) کتێب و چەندین وتار و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە.
لە سەرەتای کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین - کتێبی یەکەم) (گەڕانەوە بۆ دواوە، چەردەیەک لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا، سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی) نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت؛ هەر کەس لە ژیاندا ڕێگەیەکی گرتوە و کارێکی کردوەتە پیشەی سەرەکی خۆی لەپاڵ ئەو کارەدا ڕەنگە هەندێک کاری لاوەکی بکات یان هەندێ سەرگەرمی تری هەبێ کاتە بۆشەکانی ژیانی تیا بەسەر بەرێ، یەکێ حەزی لە وەرزشە یەکێکی تر لە گۆرانی و هەڵپەرکێ و یەکی تر حەزی لە سوارییە و یەکێکی تر لە ڕاو، یەکێ حەزی لە سینەمایە و یەکێکی تر لە کۆڕی شەوان. بەندە ڕێبواری ڕێگەی کاری سیاسی بوم بە هەمو لایەنە جیاوازەکانیەوە؛ کاری ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی، میدیایی، ڕێگەیەک کە خۆم هەڵمبژارد ڕێگەیەک بو دژوار و سەخت پڕ لە ڕوداوی خۆش و ناخۆش پڕ لە گلان و سەرکەوتن ڕێگەی هات و نەهات، چونی هەبو گەڕانەوەی نەبو، بەڵام بەدەم برینی ئەو ڕێگایەوە ئەوەندەی بوارم بوبێ و کاری سەرەکی ماوەی دابم خەریکی جێبەجێکردنی سەرگەرمیەکانی خۆم بوم کە بەشێکی گوڵچنین بوە لە گوڵزاری ئەدەبی کوردی.

*دەقی نامەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین بۆ شێرکۆ بێکەس کە لە کتێبی تاقگەی وشە و هەڵوێست- نامەکانی شێرکۆ بێکەس لە (کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی کامەران سوبحان) بڵاوبوەتەوە.

سایتی زەمەن



# هاوڵاتیبون لەنێوان نیشتیمانسازی و دەسەڵاتگەرییەتدا

سیروان حەمە ڕەشید

ڕۆسۆ دەڵێت: "نیشتیمان شوێنێکە هاونیشتیمانی تیایدا ئەوەندە دەوڵەمەند نەبێ بتوانێ هاونیشتیمانییەکی تر بکڕێ ،
هاونیشتمانی تیایدا ئەوەندە هەژار نەبێ ناچار بێ خۆی بفرۆشێ "
یەکێیک لەچەمکە هەرە گرنگ و بنەڕەتیانەی دونیای مۆدێرنە بێگومان ئەندێشە و فەلسەفەی مرۆگەری و ڕۆشنگەری چەمکی هاوڵاتیبوونە، هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی هاوڵاتیبون قوڵیی لەمێژینەی هەیە و لەساتەوەختی گریگەوە تا ئەمڕۆکە هاوڵاتیبون جێگەی جەدەل و گفتوگۆی فەیلەسوف و بیرمەندان و ڕۆشنبیران بووە، بۆیە تاوەکو ئەمڕۆکە زیاد لەگۆشەنیگای جیاواز و تێرمێک خوێندنەوە بۆ ماناکانی هاوڵاتیبون کراوە. دواین ئەنجامگیری و گەشەکردن قۆناغی مۆدێرنەیە .
لەدەستپێیکدا گرنگە لەسۆنگەی فەلسەفەی مۆدێرن و جیهانبینی و هیومانیستی و دەوڵەت و سستمی سیاسی پێشکەوتووە پێناسە و شرۆڤەی مانا و ڕەهەند و پرەنسپەکانی هاوڵاتیبون بکەین و ئەم چەمکە ببستینەوە بە دۆخ و هەلومەرجی ژیان و مافی هاوڵاتی و جیهانبینی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا و پرسیارگەلی بنەڕەتی لەسەر خودی چەمکەکە بکەین و بزانین پرسی هاوڵاتیبون بەمانا درورستەکەی لەچوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتدا هەیە؟ یان سەدان میل لە ماف و حکومەتی هاوڵاتیبونەوە دوورین و هێشتا ڕێکخستنی سیاسی لەسەر بنەمای شوان و ڕەعییەتە نەک دەوڵەتداری وهاوڵاتبوون؟

## هاوڵاتتیون چییە؟

لەئینسکلوپیدیای بریتانی پێناسەی هاوڵاتیبوون بەمجۆرە کردووە و دەلێت: " ئەو پەیوەندییە لەنێوان تاک و دەوڵەتدا بەیاسا ڕێکخراوە و هاوڵاتی مافی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەرک و بەپرسیاریەتیشی لەئەستۆدایە" هەروەها مارشاڵ پێوایە "هاوڵاتیبوون بەوەی کەپێگەیەکە بۆ دەستهێنانی مافەکان و یەکسانی لەبەردەم یاسا و مافە سیاسیەکان وەک مافی دەنگدان و مافی چوونە نێو ڕێکخراوێکی سیاسی مۆڵەتپدراو و مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەتێدا خۆشکوزەرانی وئابووری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە" کۆی ئەو پێناسە و ناسینانەی لەسەر ئەم چەمکە کۆمەڵێک پرەنسپ و مافی سروشتی و بنەڕەتی کە کەرامەت و مرۆڤبوون هەیە دان بەوەدا دەنێن کەمرۆڤبوون لەسەروی هەمو بەها و پێدراوێکی موقەدەسەوەیە و کۆی بەها وئایدیا و کەلەپوورەکانی بۆ خزمەتکردنی خودی مرۆڤە.

## * ڕۆشنگەری و هاڵاتیبوون

بێگومان سەرهەڵدانی چەمکی هاوڵاتیبون بەمانا مۆدێرنەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو دابڕانە ئیپسمۆلۆژییە لەنێوان هەردوو سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕۆشنگەری و بزووتنەوەی مرۆگەری لەدایک بوو، بەتایبەت لەسەرەتای ڕوودانی شۆڕش ساڵی "1789"فەرەنسی چەمکی هاوڵاتیبون گەشەی کردوە و فۆرماتیزەکراوە لەدەستوور و یاساکانی خۆرئاوادا جێگرکراو وکۆتای بەسیستمی ترادسیۆنی "شوان و مێگەلگەرایی" هات و لەشێوێندا دەوڵەتی سیکۆلار و هاوڵاتیبوون و دەسەڵاتی نیشتیمانی و مۆدێرن دامەزرا ، پایەکانی دیموکراسی و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ و دەستوری دەوڵەتە خۆرئاواییەکاندا جێگرکراو،

ئامانج لەنوسینی نوسینی بابەتی قسەکردن لەسەر شێوازی مامەڵە و تێڕوانینی حکومەت لەسەر مافی هاوڵاتیبون لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووبەری گشتیدا، پرسێکی ئێنجگار گرنگ و بایەخدارە و دەکرێت لەنێو ڕووبەڕی گشتیدا زیاد نوسین و بابەتگەلێکەوە بکرێتە تەوەر وپرسێکی گەرم و فراوانی نوخبەی ڕۆشنبیر و سیاسەتوان دەسەڵات و کۆی ناوەندە مەعریفی و ئەکادیمستی و کەلتورییەکان، پرسیارە هەرە سەرەکی ئەوەبێت ئایا بابەتگەلێک یان نۆرم و کەلتورێکمان هەیە گوزارشت لە خودی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هاوڵاتیبوون بکات و لەسۆنکەی فیکری و فەلسەفی مرۆڤیبونەوە هاوڵاتیبوون هەبێت و پەیوەندی و ئینتیمابوون لەنێوان نیشتیمان و دەسەڵاتدا هەبێت ، ئەگەر بگەینە ئەو ڕاستییە کە لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا بەمانا دروستەکەی هاوڵاتیبون نییە، بەڵکو وێنایەک و فاکتێک دەبینین کەهێشتا هیچ کەلەپوور و فەرهەنگی هاوڵاتیبون نەک بوونی نییە، بەڵکو دەتوانین بە ڕوونی بڵێین تاوەکو ئێستا ئەوەی پێ پێوترێت هاوڵاتیبون بەئاسمانی هەرێم گوزەری نەکردوە، چونکە جڤاتی ئێمە هیچ چەشنە فۆڕم و مۆدێلکی لەدەسەڵات و دەوڵەتداریی لەبونیاد و عەقڵ و ڕووحی سیاسی نوخبەی فەرمانڕەوای ئەم هەرێمەدا ئامادەیی نییە، بەڵکو ئەوەی کەهەیە پارادایمکە کە لەسەدەی هەڤدەهەمەوە لەخۆرئاوا ئاسەواری نەماوە، بە عەقڵ و تێڕوانینی خێڵ و بنەماڵە و خێزان و کەسی دەسەڵاتگەری کەلەماناکانی هاوڵاتیبون جاهیلن و تەقەی سەری دێت.

## *هاوڵاتی و ئازادی

بەدرێژایی زیاد لەسەت ساڵە کورد خەبات دەکات بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن کیان و سەربەخۆیی و لەوچوارچێوەیەدا لەسایەی حکومڕانی خۆیدا لە میللەت و مرۆڤی پەراوێزخراو بێ مافیدا بێبتە مرۆڤی خاوەن کەرامەت و ڕێزلێگیراو وەک هاوڵاتی ئازاد و سەربەست ماف و ئیمتیازاتەکانی پارێرزراو بێت و هەست بەئارامی و دڵنیایی بکات و لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بەهەمو سەروەت و سامان و خێرەکەیەوە نیشتیمانی هەموان بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعس و سێ دەیە لەحکومی خۆماڵیدا، پارتی و یەکێتی لەناو ئەو دووحیزبەشدا دوو خێزانی سیاسی دوور لە هەمو پێودانێکی دەوڵەتداری و ڕەوایەتی و بەرپرسیاریەتیدا ئیحتیکاری کۆی جومگەکانی حکومڕانی هەرێمیان کردوە ، سەرباری ئەوەش مافیا ئاسا هەر دوو هێزەکە دەستیان بەسەر هەرچی سەروەت و سامان ژێرو سەر زەوی گرتوو، هەرێمی کوردستان بۆ دوو ناوچەی ئیداری زەرد و سەوز کەرت کردوە، لەژێر دەسەڵاتی هەردوو زۆنەکەدا تا دێت ڕووبەری ئازادی بچوک دەبێتەو و ئازادی ڕادەبڕین زۆر بەرتەسکراوەتەوە، وەک فاکت و حەقیقەتێک هەر دوو ناوچەکە چەندان نوسەر وڕۆژنامەنوس و چالاکەوانی مەدەنی لەسەر ڕەخنە و ئازادی ڕادەبڕین یان تیرۆرکراون یاخود زیندان و دەربەدەرکراون .

لەمەوە هەست دەکەین  هاوڵاتیبون لەم هەرێمدا هیچ مانا و ئەرزشێکی نەبووە و دەسەڵات وەک شوان و مێگەلی دەڕوانێت کۆمەڵگە نەک وەک دەسەڵات و هاوڵاتی،

* هاوڵاتی و دەسەڵاتی خێڵەکی و کەلتورێکی سونەتیدا.

هەمومان بەو ڕاستیە گەیشتووین کە لەکوردستاندا دەسەڵات و حکومڕانێیکی دوور لە هەمو ڕێسا و پرەنسیپی نیشتیمانسازی و هاونیشتیمانی و نابەرپرسیارمان هەیە ، مرۆڤی جڤاتی ئێمە لەوپەڕی بێزاری و نیگەرانیدایە، هیچ جۆرە متمانەیەک لەنێوان خەڵک دەسەڵات و حیزبەکان نەماوە، لەکاتکدا وڵات کەوتۆتە بەردەم مەترسیدارترین باهۆزی بێ ئامانەوە، سەرەڕای ئەوەش مەلەفی نەوت و نیوەی داهاتی ناوخۆی لەدەستدا نەماوە، کەچی هاوڵاتییان نیگەرانین و تارادەیەک خۆشحالین بەو دۆخە، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە کەلتور و نۆرمێکی کۆنەباوی ئاینگەرای باڵادەستە کە هێدەی تر ژیانیان لەهاوڵاتی ئەم هەرێمە کردۆتە دۆزەخ و مەرگدۆستی، بۆیە ئەمەوای کردوە خەڵک هیچ جۆرە ئینتیما و ڕووحیەتێکی بۆ هیچ بەها و شتێکی نیشتیمانەکەی نەمێنێت، گەر سەرپێیان لەدۆخی سیاسی و ئابووری هەرێم بدەین ڕێک ئەنجامگیری ئەوەمان دەستدەکەوێت هەرێم کەوتۆتە نێو تەنگەژە و باردۆخێکی سیاسی ئێجگار مەترسیدارەوە کە هەرێم وەک ئاکتەریک پێگە و توانای گەمەکردن هێندە لاوازە کەجێگەی بەزەییپێهاتنەوەیە و زیاد لەدوومانگ موچەخۆرەکانی بێ موچە و بێ ژیانن تادێت گوشارە دەرەکییەکان لەسەری وشککردن هێز و ئیرادە زیاتر دەبێت، بۆیە ئەم ئەم دەمانگێنتە ئەو بروایەی کەدەسەڵات و پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی دوور لە عەقل و کارنامەی نیشتیمانسازی و ڕێزگرتن لەکەرامەتی ئینسانی کورد ئیدارەی ئەم هەرێمیان کردوە و ڕوانیویەتیە خواست و داواکاری مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتییەکانی ، بەرادەیەک گەیشتووە هیچ جۆرە پەیوەندی و ڕایەڵەیەک لەنێوان خەڵک و دەسەڵات نەماوە.

* دەرئەنجام:

لەهەرێمی کوردستاندا دەسەڵات بەعەقڵییەتی و فۆرمی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر شێوازی "شوان و مێگەلگەرای" ڕاونیویەتییە خەڵک و هاوڵاتی ، نەک لەسەر بنەمایی دەسەڵات و هاوڵاتیبوون و پرۆژەی نیشتیمانسازییەوە.

ئەگەر سەرەنج بدەین دوای سەد ساڵ لە پەیماننامەی لۆزان و سی ساڵ لەپرۆسەی حکومڕانی هەرێم تێدەگەین کەکورد و نوخبەی سیاسی لەبەرێوردندا کەوتووە و شکستی هێناوە لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتییەکەی ئەزموون و پەندی لەمێژوو وەرنەگرتووە،

دواجار بۆ ئەوەی بگەین بەحکومڕانیی باش و هەرێم لەو مەترسیانە دوور بکەوێتەوە لەبەردەم چەند بژاردەیەکدایە.

یان دەبێت هەرچی زووە بیر لە ئەلتەرناتیڤی سیاسی و ئیدارەدان بکاتەوە و ئەم دۆخە تێپەرێنت لە بنچینەوە و لەسەر بنەماکانی نیشتیمانسازی و کە هاوڵاتی و مرۆڤ سەنتەر بە دەستکاری بنەڕەتی و ڕیشەی کۆی ستراکتۆر و نەخشەی حکومڕانی و سیاسی بکاتەوە ، یاخود هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نەماوە تەنها جاڕی خۆ ڕادەستکردن و ئاشبەتاڵیکی تر.





# قەزوینم بۆ چییە، خۆ مراوی نیم...!

## د. کامەران مەنتك

## 2\8\2023


لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزەدەهەمدا، کاتێك ناسرەدین شا، لە کۆتا شاکانی سەردەمی قاجارییەکان لە ئێران، لەرێکەوتننامەیەکیدا لەگەڵ رووسەکان دەربارەی رێکخستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە دەریای قەزوێن ، دەست بەرداری زۆر جیاواك و پانتایی ستراتیژی بوو لەو دەریای قەزویندا، ئەمەش تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی بڕێك پارەدابوو بۆ پرکردنەوەی خەرجی رابواردن و شەوە سوورەکانی خۆی، کاتێك دەربارەی ئەو رێکەوتننامە لێیان پرسی بۆ واتکردو دەستبەرداری ئەو مموو شتە بووی، لە وەڵامدا گوتی قەزوینم بۆ چییە، خۆ مراوی نیم!.

شایەنی ئاماژە پێکردنە ناسرەدین شا یەکێك وو لەو شایانەی ئێران، کە هەموو سەروەت و سامانی وڵاتەکەی لەپێناو کەیف وسەفاکانی خۆیدا بەکاردەهێنا، کاتێك خەریکی نووسینی ماستەرنامەکەم بووم. لەکتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین خەریکی گەڕان و لێکۆڵینەوە بووم لە کتێب ورۆژنامەو گۆڤارەکان، گۆڤارێکم کەوتە بەرچاو، کە لە ساڵی 1913 دەرچوو بوو، بابەتێکی دەربارەی بیرەوەرییەکانی ئافرەتێکی سۆزانی فەرەنسی تیادا بڵاوکرابووەوە، کە دۆستی ناسرەدین شابوو، ئەو ئافرەتە باسی ئەوەی دەکرد، کە چۆن کاتێك گەلانی ئێران لەدۆخێکی سەختی ئابووریدا دەژیان، ئەو وەك دیاری، تەنیا گوستیلەیەکی یاقوتی بە 10 هەزار جونەیهی ئیستەرلینی بۆ ئەو ئافرەتە کریبوو، کە دەکاتە چەندین ملیۆن دۆلاری ئێستا.

ئەمە ئەو وانەیەمان فێر دەکات، ئەوەی لە بایەخی جیۆۆلەتیکی خاك و وڵاتەکەی خۆی نەگەیشتبێت، بە شێوەی ناسرەدین شا سەیری دەریای قەزوین دەکات، ئەوانەی دڵسۆزیشن، رێگە نادەن سانتیمەترێك خاکیان بەفیرۆ بروات، وەك لە کێشەی سنووری نێوان ئێران وئەفغانستان بەم دواییە بینیمان، کە چۆن بزووتنەوەی تاڵیبان بۆ چەند سانتیمەترێك خەریك بوو شەڕ لەگەڵ ئێران دایسێنێت.

بەرپرسە نا بەرپرسەکانی کورد، لە هەمان دیدی ناسرەدین شاوە سەیری خاکی کوردستانیان کرد، بۆیە هەموو سەرخان و ژێر خانی ئەو وڵاتەیان تەخشان وپەخشان کردو بۆ کەیف و سەفای خۆیان و بنەماڵەکانیان بەکاریان هێنا، چۆن ناسرەدین شا قەزوینی هەرزانفرۆش کرد، ئەوانیش بە هەمان شێوە کەرکوك وهەولێرو سلێمانی و دهۆکیان هەرزانفرۆش کرد، لەپێناو پەیداکردنی فرۆشیار بۆ ڤیلاو شوقەکانیان دەستی عەرەبەکانی باشوورو ناوەڕاستیان راکێشایە هەرێم و بەناوی ئازادی وبەیەکەوە ژیانەوە گەورەترین پرۆسەی تەریبیان لە مێژوودا ئەنجام دا، لەکاتێکدا ئەوان دوو هێزن چەندین ساڵە سەرەڕۆیی بەچارەنووسی میللەتێك دەکەن و ئامادەنین یەکتر قبوول بکەن.

ئەم هەڕاجکردنەی خاك، ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوانە جگە لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان هیچ ستراتیژێکی تریان بۆ وڵاتەکەیان پێ نەبووە و نییە، بۆیە بەم شێوەیە رەفتاریان کردووەو وڵاتیان بەمرۆ گەیاندووە!



# ڕێبوار سەعید نوری

- 1969 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.
- 1989 بەشی پەیکەرسازی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.
- (1986- 1989 ) بەشداری لەسەرجەم پێشانگەکانی سالآنەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی کردووە.

-1987 لەگەڵ هونەرمەند (دارا حەمە سەعی)دا بەشداری لەدروستکردنی پەیکەری (پیرەمێرد)دا کردووە.


- 1991 لەگەڵ هونەرمەند (شێرکۆ عومەر)دا بەشداری کردووە لە دروستکردنی پەیکەری (ئاسۆی دەلاك).
- 1992 بەشداری کردووە لە داڕشتنی پەیکەری (مامە ریشە).
- 1995 لەگەڵ هونەرمەند (دارا حەمە سەعی)دا بەشداریکردووە لەهەردوو پەیکەری (مام هەژار)و (مەدام میتران)لە شاری هەڵەبجە.

-1995 لەپیشانگەی لاوان لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی خەڵاتی باشترین کاری هونەری پێبەخشراووە.

- ساڵانی (1996-1998) لەگەڵ هونەرمەند (دارا حەمە سەعی)دا بەشداری لەدروستکردنی ئەم پەیکەرانەدا کردووە (عیزەدین فەیزی)لە شاری هەولێر، (خەیروڵا عەبدولکەریم) لەشاری هەولێر.
- 1999 گەلەری زاموا پیشانگەی تایبەتی بۆ کارەکانی کردەوە لە هۆڵی گەلەری زاموا.

-1998 بەکارەساتی خنکاندن لە ئاوی ئیجە گیانی لەدەست داوە.






















# لەسەردەمی شەڕی ڤێتنامدا

گەریلایەکی ڤێتنامی بەزامداری دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئەمەریکا ، پاش ئازاردانێکی زۆر و مانەوەی لەزینداندا وساڕێژ بوونی برینەکانی دەیبەنە دادگا و بەتاوانی ئەوەی چەکی دژی داگیرکەرە ئەمەریکێکان بەکارهێناوە ٢٠ساڵ حوکمی دەدەن بەزیندان . حاکمەبەدکارەکەی ئەمەریکا لەگەریلاکە دەپرسێت بەحومەکەت ڕازیت دەتەوێت سکاڵابکەیت لە ئەنجامی دادگایەکەت ؟ گەریلاکە پێدەکەنێ و دەڵێ : بەڕاستی تۆ زۆر داماوی حاکم ؟ حاکم دەڵێ بۆ چی یاخی وادەڵێت ؟
لەوەڵامدا گەریلا ڤێتنامێکە دەڵێت : تۆ پێت وایە ٢٠ساڵی تر هێزە داگیرکەرەکەتان لەنیشتمانی ڤێتنامێکاندا دەمێنن !؟ هەربۆیە پێدەکەنم حاکمی داماو

**ڕزگار ڕانگور**






# تەنها هاواری ژنە عەرەبێک ئازاری دام

وێنەی شۆفێری ئەو شۆفڵەیە بەهەزاران ژن و منداڵی کوردی کردە ژێر خۆڵەوە ئەو لەم دیدارەدا باسی دەکات کە خودی خۆێ شاهید حاڵی کارەساتی زیندە بەچاڵ کردنی هەزاران جوان خاسی کوردە ،،کاتێک نوسەری کتێبەکە بەڕێز عارف قوربانی لێی دەپرسێت؟ تۆ ئەو هەمو ژنو مناڵەت کردە ژێر خۆڵەوە هاواریان دەکرد ویژدانت ئازاری نەئەدای ئەو تاوانەتان ئەنجامئەدا ...لەوڵامدا دەڵێت تەنها شتێک ئازاری دام ژنێکی عەرەب بو بەڕێکەوت کەوتبوە ناو ئەو زیندانیانەوە بەزمانی عەرەبی هاواری دەکرد ڕزگارمکەن بەڵام سودی نەبو چونکە تازە کەوتبوە ناو چاڵەکەوە ئێمەش دامان پۆشی ....
ئەوە هەست و ویژدانی تاکێکی بەعسیە بۆ قەومەکەی خۆی بەڵام هەزاران مرۆڤی کوردی بەدەستی خۆی کردۆتە ژێر خۆڵەوە ویژدانی ئازاری نەداوە ئاسایی بوەلای تەنها لەبەر ئەوەی کوردبونە وەک خۆی لەگێڕانەوەکانیدا دەڵێت ئەو چەند ڕۆژەی سەرقاڵی ئەو پرۆسەیەبوین زۆر دڵمان خۆش بو بەدیار چاڵەکانەوە هەرخەریکی فیشقیات و گاڵتەو گەپ بوین ،،،،هیوادارم هەمو خوێندەوارێکی کورد ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ئەگەر بەرگەی چیرۆکە ناخ هەژێنەکانی بگرێت ،،،،

**نوسەری کتێب عارف قوربانی**



# لە ئەرشیفی ئەدەبیاتی جینوسایدەوە
## تۆماری قەتڵوعام
ستران عەبدوڵڵا
2014/8/20

ناونیشانەکان و کەرەستەکان جیاوازن، بەڵام نیاز و دەرەنجامەکان هەر یەکن. کوشتنی کورد و کوشتنی ئینسان و قڕکردنی وەك ئامرازێك بۆ بەلایەکداخستنی سیاسیی و پاکتاوی رەگەزی مرۆڤ.

لە قەتڵوعامی موکریانەوە بۆ قەتڵوعامی دەرسیم تا هەڵەبجە و ئەنفال و شەنگال مێژووەکان جیاوازن، بیانووەکان فرەن و دوژمنەکانیش بە ناسنامەی جیاواز پەلاماریان داوە، بەڵام کردەکە یەك شتە: قڕکردن لە داخی خۆڕاگری و تۆبرینەوە بۆ ئەوەی لەسەر زەمینی کوردستان تۆی تر بڕوێ و رەگەزی تر سەروەر بێت. خەڵك و خاکی کوردستان وا ئاوێتەی یەکترین، خەڵکی کوردستان قڕیش دەکرێت و خاکی کوردستانیش سوتماك دەبێت، هێشتا ئەم پەیوەندییە ئاوێتەی یەکترییە و لە کوێ دەپسێ لەوێوە گرێدەدرێتەوە.

چیرۆکی ژیان لە کوردستاندا دەوڵەمەندترینە، حەیف (نەما خانی تا چیرۆکی ئەم عیشقە دارێژێ)، داهێنانی کورد یان حەوسەڵەی کەمە، یاخود خۆی بۆ ئیلهامێکی تر ناوەتەوە تا ئەم تەحەددا شاراوەی نێوان کوردویستی ئەم سەرزەمینە و ژیاندۆستی ئەم گەلە بنووسێتەوە.

لە سییەکانی سەدەی بیست بە مژدەی چەسپاندنی بنەماکانی شارستانییەوە کوردە ((کێویبیەکانی)) دەرسیم قڕکران. باسیل نیکیتین لە کتێبی (کوردەکان)دا ئیدانەی ئەم بیانووە پڕوپوچە دەکات کە کراوەتە بیانووی مرۆڤ کوشتن، (شارستانی) وەك کڵاو کراوەتە سەر رۆژنامەکانی رۆژئاوا تا دەستخۆشی لە کەمالیستە مۆدێرنەکان بکەن لەبەر کارێك کە دژی دەرسیمییەکان کردویانە. دەرسیمییەکان کوردی عەلەوی بوون و کەمالیستەکانیش گوایە لەو عەلمانیخوازانە بوون دوای پەنجا ساڵ لەسەپاندنی ((مۆدێرنێتە))ش ئینجا سەرۆك ئەرکانێکیان رەتکردەوە تەنها لەبەر ئەوەی عەلەوی بوو و لەگەڵ مەرجی دڵسۆزی بۆ (سوننایەتی) و (تورکایەتی) و (عەلمانیەتی) ئەواندا، نەدەگونجا.

لە کۆتایی سەدەی بیستدا، بەعسییەکان هەڵەبجەیان سووتاند و ئەنفال-یان لە ناونیشانی سورەتی قورئانەوە کردە ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی کورد و کرمانجی سەرتاسەری کوردستانی باشوور، بیانووشیان بۆ ئەمە عروبە و بەعسیزم و ئیشتراکیەتی سەددامی بوو. بەناوی ئەنفالەوە مزگەوتیان سوتاند و بە ناوی شاری هاوچەرخەوە کوردی چەلەنگ و بەرهەمهێنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا پەستاند. (هەڵەبجە)ی دیاری خۆرسکی خوایان کیمیاباران کرد و (سەددامییەی حەلەبچە)یان کردە کڵاوی شارستانی و خستیانە سەر پەیامنێرانی میدیای جیهانی ئەو وەختە.

وەك بڵێی ئەم هەموو قەتڵوعامە بەس نەبن، لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیەشدا شەنگال دەکەنە شانۆی قڕکردنێکی تر. ئەمجارە بەبیانووی ئێزدیایەتی و کوردایەتی خەڵك قڕدەکرێت، مەسیحی دەربەدەر و ئێزدی سوننەتی زۆرەملێ و ژنانی سەربەرز و بەرووەمەتیش دەبنە خۆراکی فەرهەنگی سەبی و تاڵانفرۆشی. جارێکی تر کورد دەبێتە نێچیری داعش و خۆراکی میدیا دڵرەقەکانی جیهان کە خەمیان ستۆرییەکی سەرنجراکێشتر و خەفەتیان نمایانێکە هەر نەبێ باشترە لە خەمساردی دراوسێ موسڵمانەکانمان و سەردەستە بێرەحمەکانی سەدەی بیستەمیان لێکردینە تامی ژاڵە و مەبەستیانە ئەم سەدەیەش بۆ کورد و بۆ مرۆڤایەتی نەبێت.

وەك بڵێی ئەم هەموو قەتڵوعامە لە قڕکردنی ئەرمەنەوە، بۆ هۆلۆکۆست، بۆ جینۆساید لە بۆسنیا و رواندا و دارفور و کوردستان بەس نەبێت، هێشتا ئەژدیهای ئایدیۆلۆژیای درندایەتی داوای خوێنی زیاتر دەکات (هل من مزید). ئاخر هیتلەر لە باسی وادا بوو گوتی: کێ قڕکردنی ئەرمەنی لەبیرماوە تا لەسەر ئەوەی جولەکە بێتە جواب؟

بیانووەکان جیاوازن، کەرەستەکانی قڕکردنیش فرەن، لە تەنوری گازەوە بۆ سێوی کیمیاوی رێژ، لە چەقۆی سوننەتی زۆرە ملێوە بۆ سەربڕین و سەر پەڕاندن، لە کوردستان تا کۆی جیهان جینۆساید بۆ ئەوە دەکرێت دونیای تاوانباران (پاکژ و بێگەرد و خالیس بێت) وەك ئەوەی لە ئەندێشەی نەخۆشی خۆیاندایە و وەك ئەوەی سروشتی هەمە رەنگیی سەر زەمین رەتی دەکاتەوە.







# چی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت؟

## د. سەردار عەزیز

یەکەم، ئێران و ئەمریکا گەشتنە ڕێکەوتنێک بۆ ئازادکردنی چەند گیراوێکی ئەمریکی بەرامبەر چەند ملیارێک. قەتەر فەراهەمکەریی ئەم گۆڕینەوەیە. پارەکە، لە کۆریای باشورەوە دێت بۆ قەتەر لە وێ لە هەژمارێکی تایبەتدا دەدرێت بە ئێران لە ژێر چاودێریدا. ئەمە وەک جۆرێک لە دیاریی وایە بۆ ئێران، لە زمانی دیپلۆماسیدا پێی دەڵێن، گێزەر. دوو پاڵنەریی سەرەکی لە پشتییەوەن، ناوخۆی ئەمریکا، ئازادکردنی گیراوەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن باشە، هەروەها دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە.

دووەم، لە هەمانکاتدا ئەمریکا هێزی دەریاوانی زیاتر بۆ ناوچەکە دەهێنێت، بە بیانوی فشارکردن لە سەر ئێران بۆ کۆتایی هێنانی بە ڕێگریی لە کەشتییە نەوتییەکان. بەمەیان دەڵێن گۆچان.

بۆ ئەمریکا ئەم دوو کارە لە هەمانکاتدا دەکات؟

هەمیشە پاڵنەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، لە ناوەوەیە. ئەمریکا بەرەو ساڵی هەڵبژاردن دەڕوات. بایدن کۆمەڵێک ئامانجی هەیە لەمبارەوە. یەکەم، ڕێگرییکردن لە ئێران بۆ دروستکردنی کێشە لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا ئێران فشار دەخاتە سەر ئەمریکا لە سوریا. لە سوریا کۆمەڵێک پلان لە ئارادایە بۆ ئەو مەبەستە، لەوانە ڕەوانکردنی سەرباز و تەقەمەنی زیاتری ئەمریکی. وەها دیارە ڕۆژئڤا دەبێت بەشێک لە ستارتیژێکی درێژی ئەمریکی بۆ ڕێگرییکردن لە دروستبونی بەرەی دژ بە ئەمریکا لە ناوچەکە. دووەم، ڕزگارکردنی ئەمریکاییەکان لە ئێران هەنگاوێکی باشە بۆ بانگەشە. سێیەم، ئیدارەی بایدن داوا لە محمد بن سەلمان دەکات کە لە گەڵ ئیسرائیلدا ئاشتی بکات. بن سەلمان پێی خۆش نیە ئەو دیارییە بدات بە ئیدارەی بایدن چونکە باڵی چەپی دیموکراتەکان دژ بە ئەون. (جێگای باسە بن سەلمان خۆی لە لایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە هاندەدرێت کە ببێت بە دیکتاتۆری سعودیە، لە پاش یانزەی سیپتەمبەر، بۆ کۆتاییهێنان بۆ تیرۆری توندڕەوەی دینی لە سعودیە). ئەوەی ئێستا بن سەلمان داوای دەکات ئەوەیە کە ئەمریکا ڕێکەوتنێکی پاراستنی لە گەڵدا واژۆ بکات. بایدن لە ئێستادا ناتوانێت ئەوە بکات، چونکە لە لایەن زۆرێک لە دەنگدەری دیموکراتەکانەوە وەک هەنگاوێکی خراپ دەبینرێت. بۆیە هەندێک وەهای لێکدەدەنەوە کە هاتنی هێزی دەریاوانی زیاتر بۆ پێدانی دڵنیاییە بە سعودیە. بەڵام گومان دەکرێت بن سەلمان ئەوە بکات چونکە ئەم ئیدارەیەی ئیسرائیل زۆر توندڕەوە.

کەواتە ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت، ڕونەدانی هیچ ڕوداوێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی نێگەتیف. ئەگەر بکرێت چەند ڕوداوێکی پۆزەتیف ڕوبدەن. لەم ڕوانگەیەوە لە عێراقدا هەوڵدەدات ئەو بێدەنگییە هەیە بپارێزێت. کورد بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ئەمریکا نین و زۆر ڕێگرییان بۆ دروست دەکەن. ئەمریکاییەکان بە شێوازی جیاواز پەیام دەنێرن بەڵام کورد بێباکە، وەک ئەوەی زلهێزێکی باشتری دۆزیبێتەوە، یان ئاگای لە دۆخەکە نییە. ئەمریکا توانای فشاری سەربازیی لە سەر عێراق نەماوە، کارتی بەهێزی دۆلارە. مانگی دە پیاداچونەوەیەکی تر هەیە بەو پرسەدا.

هەموو ئەمانە دەبن لە بەر هۆکاری ناوەوە، کە کاتییە، هۆکاری ئۆکرانیا کە ماناوەندە، پوتین چاوەڕێیە ترەمپ بێتەوە بۆیە سازش ناکات، بەڵام فاکتەری درێژخایەن چینە.

سپی میدیا



# هەزارمێرد

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەدووری 13 کم لە باکوری ڕۆژئاوای شارەکەوە، لە نزیک گوندی هەزار مێرد، ئەم ئەشکەوتە بەقەد چیای (بەرانان)ەوەیە

وەکو یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی عێراق ناسێنراوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار، لە ژمارە (2126) ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) لە بەرواری 10-11-1949

لەسەر ناوی ئەشکەوتەکە چەند بۆ چونێک هەیە :

پێدەچێ بە هۆی فراوانی و گەرەیی ئەشکەوتەکە ناونرابێت کە جێگای هەزار پیاوی تێدا بوویێتەوە، هەروەها وشەی (مرد) لە زمانی فارسی بە مانای پیاو دێت، یان پێ دەچێ پەیوەندی بە پلەیەکی سەربازی یەوە هەبێت بەواتای پێشەوای هەزار جەنگاوەر(هزارمرد)، هەروەها خەڵکی ناوچەکە (هەزارمێرگ) یشی پێ ئەڵێن بە واتای زەوی تەڕو پڕ ئاو دێت بۆیە پێدەچێت (هەزارمێرد) ڕەگ و ڕیشەی لە (هەزارمێرگ) ەوە هاتبێ.

کنەوپشکنین :

چەند جارێک کنەو پشکنین لە ئەشکەوتی هەزارمێرد کراوە لە چەند کاتێکی جیاواز و لەلایەن چەند شوێنەوارناسیکەوە وەکو شوێنەوارناس (سپایزەر لە ساڵی 1926 - خاتوو دوروسی گاروود لە ساڵی 1928- ئەحمەد مەهدی لە بەهاری ساڵی 1949 - کارلینتون لە ڕۆژی 13-12 ی تشرینی دووەمی ساڵی 1949 لەگەڵ ئەحمەد مەهدی - هەروەها بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی لە ڕۆژی 18-06-1998 لەلایەن شوێنەوارناسی کورد کەمال نوری مەعروف و هاشم حمە عبدوللا

لە سەرجەمی پشکنینە شوێنەوارییەکاندا سێ چینی شوێنەواری دۆزرانەوە کە پێکهاتبوون لە چینەکانی A-B-C

چینی A: چینی سەرەوەی ئەشکەوتەکەیە کۆمەڵێک پاشماوەی گۆزەو گڵێنەی جۆراو جۆری تێدا دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە شارستانی ئیسلامی واتە ئەم چینە بۆ سەردەمێکی تازەی چاخە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە،هەروەها لەم ئەشکەوتەدا پاشماوەی ئێسکی مرۆڤ دۆزراوەتەوە بەڵام کۆن نەبوو کە پێکهاتبوو بە سێ گۆڕ کە یەکێکیان منداڵ بوو، هەروەها سێ گۆزەی لەگەڵ دا نێژرابوون، هەروەها سێ پارچە ئاسن دۆزرانەوە کە یەکێکیان سەری تیرە، دوانەکەی تر دوو پارچە دراوە یەکێکیان هە سەردەمی بیزەنتی وە ئەوی تریان هی سەردەمی ساسانییە

چینی B: ئەمەیان چینێکی جیاکەرەوەی تەنکە کە هەندێ بەردێ ئەستێ ی جۆری ئۆرگەنیشی تێدا دۆزراوەتەوە


چینی c: لەم چینەدا هەندێک ئێسک دۆزرانەوە، کە هی ئاژەڵ و باڵندەی کوندە پەپوو،هەروەها ئامێری بەردە ئەستێی زۆر دۆزرانەوە بەڵام شێوەکانیان جیا جیان لە یەکتری لە یەک جۆری پیشەسازی نین کە نزیکن لە جۆری ناسراو بە موستیری چاخی بەردینی ناوەڕاست،هەروەها دوو تەوری دەستی دۆزراوەتەوە ئەو بەردە ئەستێ یانەی جۆری موستیری کە لەم چینەدا دۆزراوەتەوە بۆ (30) هەزار ساڵ تا (50) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا یا زیاتر دەگەڕێتەوە.

رشید فوزی، جمال رشید، تاریخ الکرد قدیم، اربیل-1990، المدیریة العامة للاثار و التراث، التلول و المواقع الاثریة، بغداد-1952 باقر طة، فواد سفر، المرشد الی مواطن الاثار و الحضارة، الرحلة ارابعة، بغداد1965 توێژینەوەی (رۆژا کەریم ساڵح) بۆ بەشی شوێنەوار زانکۆی صلاح الدین فرج بصمةجی، کهف هزارمیرد الشرقی، سومر مج 6، 1950،

کوردپیدیا

# جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی

ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ تیۆری گشتی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، و بەشەکانی تری تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە لەدژی کورد لەلایەن دەوڵەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا لەدژی ئەنجامدراوە، و سەلمێنراوە کە تاوانەکانی جینۆساید، دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگن. هەروەها لەم کتێبەدا ڕێگا یاساییەکانی قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و گەیاندنی کەیسە تاوانییەکانی دژ بە کورد بە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی خراوەتەڕوو.







یادنامەYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیش لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703